١

# دیدرونی

گۆڤارێکی بەرچاوڕوونیی ستراتیژیی سیاسییە

مانگی جارێك دەردەچێت

خاوەنی ئیمتیاز

زانا هەمەوەندی

سەرنووسەر

ئەندازیار رابەر مەعروف

بەڕێوەبەری نووسین

شوان سلێمانی

نەخشەساز

ناوەندی ئیسلامڕەو

ئیمەیلی گۆڤار:

didrwny@gmail.com

بڵاوکار:

پێگەی دووربین

www.dorbeen.co

/phdurbeen

## لەم ژمارەیەدا:-

٢ — دەستەی نووسەران — گۆڤار بۆ کێ دەردەکەن؟

٥ — مامۆستا کرێکار — ئایا نوخبەی ڕۆشنبیر لەکورددا هەیە؟

١٣ — سەرنووسەر — ئێرانیزم؛ شێوێنەری بیروباوەڕی موسوڵمانانە

٢٢ — هاوبیر هەولێری — شیکاری سیاسیی ڕاگەیاندنکاری

٢٩ — هادی شارباژێڕی — عادل عەبدولمەهدی؛ تەواوکاری پرۆژەکانی ئێرانە لەعێراقدا

٣٤ — دانا سەعید بەرزنجی — ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی چییە؟

٤٢ — عەبدوڵڵا گەرمیانی — کاریگەرییەکانی ناوەندی توێژینەوەی جەزیرە

٤٥ — سەلمانی حەسەن پوور — ڕاپۆرتی ستراتیژی

٥٥ — سەید هاشمی ئاڵیایی — جیابوونەوەی کوردستان و مەترسیی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران

٥٩ — پێشەوا کوردی — لەزیندان هەوڵدەدەن بتروخێنن، پێویستە خۆڕاگربێت

٧٦ — عەبدوڕەحمان عەبدوئیم — نهێنییەکانی ناڕازیبوونی ئەمریکا لەسەر ئەنجامداني ڕيفراندۆم

## گۆڤار بۆ کێ دەردەکەن، لەکاتێکدا کەسانێکی کەم بڵاوکراوەی کاغەزیی دەخوێننەوە؟!

کاتێک بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی دیراساتی ستراتیژی، راوێژمان بەخەڵکانی دوورو نزیکمان دەکرد، زۆربەیان بەو پرسیارەی کردوومانەتە سەردێڕی ئەم دەستپێکە وەڵامیاندەداینەوە: "گۆڤار بۆ کێ دەردەکەن، لەکاتێکدا کەسانێکی کەم بڵاوکراوەی کاغەزیی دەخوێننەوە؟!" کە دەمانوت: مەرجنییە گۆڤارێکی کاغەزیی بێت، ورەیان دەڕوخاندین و دەیانوت: خەڵکی ئێستا پۆستێکی فەیسبوک ناخوێننەوە کە لەتەواوکارەکەی نوسرابێت: بەردەوامبە، چونکە یەکسەر دەزانن کە زۆرە، کەمینەیەکیشیان ئەوە دەخوێننەوە کە دەڵێت: بۆ زیاتر!. دەمانوت: باشە کەسێک کە دەخوازێت رۆشنبیرببێت و وەکو هۆشیارێکی سیاسی لەڕووداوەکان و هێزە دەبەرێکراچووەکان تێبگات و بزانێت شێوازی کارکردنیان چۆنە، چۆن بەنیو لاپەڕەی نوسینی فەیسبوک دەگاتە ئەو ئاستەی رۆشنبیری؟! دەیانوت: ئێ کاکە ئەوە واقیعەکەیە، کە کوردایەتییەوانان و دەسەڵاتە سیاسییەکەیان دروستیانکردووە ..

ئێمە نەکەوتینە ژێر کاریگەریی ئەم وەڵام و هەڵوێستانە، چونکە وەکو هەڵگرانی پەیامی پێغەمبەران (سەلامی خوا لەسەریان بێت) دڵنیاین کە داڕشتنی زەمینەیەکی فیکریی عەقائیدیی، کە بزاوتێکی گۆڕانکاریی لەسەر بووەستێت، هەر لەسەرەتاوە هۆشیارکردنەوەی تاکتاکی خەڵکی دەوێت، کە: خەڵکینە ئەم واقیعەی ئێوە تێیدا دەژین، دوورە لەئاراستەی وەحیی خوایی و ئەستەمە خوای گەورە قبوڵیبێت، بۆیە دەبێت بیگۆڕن، ئامرازی گۆڕانکارییەکە هەبوونی ئوممەتێکی قیامەتخوازو بزاوتێکی بەرابەرە، دەستپێکی ئەم ئامرازانەیش هەبوونی تاکی رابوو هۆشیارە، کە بزانێت بۆچی دەژی و چۆن؟!

←

ئێمە ئەم گۆڤارە ستراتیژییە دەردەکەین تا خوێندەوارە ئیسلامییەکان لەم لایەنەیشەوە وەبیربهێنینەوە، کە ئەوەتا دوژمنانی دینەکە ئاوا کۆمەڵکارانەو دەزگایانەو وردەکارانە بەپلانی پێشوەخت کاری خۆیان دەکەن، حەیفە ئێمەیش وانەبین ..

ئەم لایەنەی هۆشیارکردنەوەمان، تەواوکاری لایەنەکانی تری ئاراستەکردنەکەمانن، وەکو؛ فێرکارییەکەی (زادی)، ناوەندی دیراساتی ئیسلامیی (ندا)، ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی، هەروەها هۆشداریدانەکانمان بەبەرنامەکانی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی شاهیدان و چالاکییەکانی تری سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمانە هەموویان پێکەوە ئەو گۆڕانکارییە لەکەسایەتیی ئیسلامییەکەدا دروستدەکەن لەلایەنی: مەعریفی، سیاسی، قییەمی و بزاوتی گۆڕانکارییەوە، کە ئیسلامەکە داوای لەئێمەی شوێنکەوتووانی کردووە لەو بوارانەدا گۆڕانکاریی بەسەر دیدوڕێی خۆماندا بهێنین، تا تاکی پەسەندمان بۆ دروستببێت، ئینجا کۆمەڵکارانە ببزوێین، تا ئوممەتی عەقائیدیی گۆرانخوازمان بۆ دروستببێت..

کەواتە: ئێمە ئەم گۆڤارە بۆ کەسانێکی تایبەتی دەردەکەین، کە پێشتر گۆڕانکارییان لەناخ و دەرەوەی خۆیاندا کردووە، شیاوی ئەوەبوون ببنە بەردی دیواری ئەم بانگەوازە،



بەڵام ماوپانە بەرچاوڕوونبکرێن و هۆشداریپان بدرێتێ دەربارەی هێزەکانی بەرامبەر، کە بەپێچەوانەی دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئێمەوە کاردەکەن و ئیمکانیاتێکی ئێجگار زۆریان لەبەردەستدایە لە: دەسەڵاتی فەرمیی، هێز، هەڕەشە، پارە، پاڵپشتی نێودەوڵەتی، ئەزموونی زۆرو وزەی بەکرێگیراو..

ئێمە ئەم گۆڤارە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی هەڵبژاردنە چەواشەکارییەکانی کوردستان و ناوچەکە دەرناکەین، بۆ هەموو خوێندەوارێکیش نانووسین، دەمانەوێت ئەم گۆڤارە بۆ ئەو دیندارە سەرەتاییانە دەربکەین کە خۆشەویستیی خوا لەدڵیاندایەو هەست بەئینتیمای ئوممەتیی خۆیان دەکەن و لەخەمی سەرخستنی دینەکەیاندان، بەڵام زۆرینەیان نازانن چی بکەن و چۆن؟!

ئەرکی ئێمە لێرەدا هۆشیارکردنەوەو بەرچاوڕوونیی و هۆشدارییدانە کە: هۆ عەزیزان بەحەزەربن، ئەوانەی ئێوە دەخوازن بەرهەڵستیی پلانە شەیتانییەکانیان بکەن، ئەمانەن، کە ئاوا کاردەکەن و ئەمەیش ئامانجیانە. دەمانەوێت هەواڵی راست و شیکاریی دروست و لێکۆڵینەوەی واقیعییان بەبەڵگەوە بخەینە بەردەست، تا یەرمەتیدەریان بین لەداڕشتنی رای پەسەندو هەڵوێستی رەسەندا، تا دوای خۆمان ئەمان ئاڕاستەوانییەکە بەشیاوێتییەوە بگرنە دەست (ان شاء الله)..

رەخنەدەگرین و سینەیشمان فراوانە بۆ رەخنەی بەرامبەران، هەرکەس و لایەنێک بن..

**دەستەی نووسەران**



# ئایا نوخبەی ڕۆشنبیر لەکورددا هەیە؟

سەرەتا وا دەزانم دەبێت بزانین ڕۆشنبیر کێیە، تا بزانین دەربارەی کێ دەدوێین.. ئایا ڕۆشنبیر چینێکی کۆمەڵگەن، یان تاکوتەران وەکو خاوەن جریوەی تویتەرو فەیسبوکی ئەم سەردەمەن؟ کە هەرکەس لەماڵی خۆیەوە دەچرێت.. ئایا ڕۆشنبیر فەیلەسوفە، کە تێفکرینی قووڵ و گشتگیری دەربارەی ژیان و گەردوون و مرۆڤ هەیە؟ ئایا ڕۆشنبیر بیرمەندێکی خاوەن دیدوڕێی فیکری، یان کەسێکی هەڵکەوتەی خاوەن بەرنامەیەکی سیاسییە؟

ئایا ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە لەبوارە جیاجیاکانی مەعریفەدا زۆری خوێندۆتەوەو دەزانێت، یان کەسێکە دەرچووی زانکۆیەکەو خاوەن بڕوانامەیە؟ ئایا ڕۆشنبیر (ئەفەندی)یەکی پانتۆڵلەپێیە، یان (مۆدە)یەکی تەنوورەلەپێیە؟ وەکو کە ئیستیعماری بەریتانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هێنایە ناو کۆمەڵگەی ئێمەوەو وای ناساندن کە ئەوەی دەخوازێت بچێتە ریزی ڕۆشنبیرانەوە با ئاوابێت! یان دەشێت بەچکە ئاغایەک بێت.

بەبۆچوونم رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە خاوەن هزرو ژیریەکی دامەزراوەو خوێندەوارییەکی تا ئاستی لەخۆگرتنی زانیارییەکانی سەردەمی خۆیی هەیەو بەردەوامە لەسەر خوێندنەوەو مواکەبەی کەشی گشتیی گۆڕانکارییە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەی. ئەوەندەیش شایستەبووە دەتوانێت رەخنەی مەعریفیی بگرێت.. ئەوندەیش سینەفراوان و پشوودرێژەو متمانەی بەخۆیەتی، کە بکەوێتە گفتوگۆی تولانییەوە لەگەڵ بەرامبەرانی، بێهەڵچوون و لەسنووردەرچوون.. بۆئەوەی کە بیشبێتە جێمتمانەی زۆرینە، پێویستە سەربەخۆبێت، دەنا دەبێتە رۆشنبیرێکی حزبیی.. ئەم کەسە بەم سیفەتانەیەوە مەرجە کە: زانیاریی دەربارەی چالاکییە فیکری و سیاسی و قییەمییەکانی کۆمەڵگەی خۆی و بزاوتە ناوچەیی و جیهانییەکانی هەبێت و بەشێوەیەک لەشێوەکانیش بەشداربێت تێیاندا.. کە دەڵێم: زانیاریی ئاوا بەرفراوانی هەبێت، مەرجە کە زانیاریی دەربارەی: فەلسەفە، زانست، دین، کولتوور، فیکر، سیاسەت، زمان، ئەدەب، بەها کۆمەڵایەتییەکان، بنەماکانی رەوشت، بزاوتی مێژوو، کاریگەریی هێزە دەبەرێکراچووەکان هەبێت، چونکە هەر یەکێک لەمانە کاریگەریی خۆی لەسەر داڕشتنی کەسایەتیی تاک و ئاڕاستەی کۆمەڵگەکەی ئەم هەیە.. پێموایە نوقسانیی هەر سیفەتێک _لەمانەی بەکورتی ئاماژەمپێدان_ لاسانگییەک لەکەسایەتیی رۆشنبیرەکەدا دروستدەکات.

لەم روانگەوە دەڵێم: هەرچەندە لەکوردیدا رۆشنبیریان لەشوێنی (المثقف)ی عەرەبی داناوە، بەڵام پێموایە ئەو کەس و چینەی ئێمە باسی لێوەدەکەین کەسە (نوخبە)کانن، کە هەریەکەیان (تێگەیشتوو)یەکی دانسقەو هەڵکەوتەی پێگەیشتووی ناو کۆمەڵگەکەن.. ئەم نوخبەیە چەند ئاستێکن: _ ئاستی خواریێ: (رۆشنبیر)ەکانن.

_ ئاستی سەرووتر لەوان: (هۆشیار)ەکانن.

_پۆلێک لەمانیش کە باڵاترن: (هۆشیاری چالاکوان)ن.

کە دەڵێم: (چین)ن، لەلات نەبێتە کێشە، چونکە ئەمە چینێکی مارکسیزمی نییە، تا مەرجبێت بەرهەمهێنبن و لەگۆنگەڵی ململانێی چینایەتیدابن، وەکو کۆمۆنیستەکان دەڵێن. ئەمە چینی دووەمی کۆمەڵگەکانە، کە کاریگەریان لەئاڕاستەی بزاوتی گۆڕانکاریی وڵاتەکانیاندا هەیە، ئەمانە دوای چینە سیاسییەکانی ناو دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنن.. ئەمانە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا سەرپەرشتیارانی ناوەندە ستراتیژییەکانن، کە راپۆرتەکانیان وەکو پێشنیازی نەخشەی سیاسەتی حزب و حکومەتەکانی وڵاتەکانیانە، وەکو؛ (لیو شتراوس و ئێرڤین کریستاڵ) لەئەمریکا کە دامەزرێنەرانی (پارێزگارانی نوێ)ن و لەزەمانی (رۆناڵد رێگان)ەوە تا (جۆرج دەبلیو بۆش) کاریگەریان لەداڕشتنی ستراتیژێتی نوێی ئەمریکادا هەبوو.. ئەم نوخبانە ئاڕاستەوانانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگە مەدەنین، کە کاریگەریان لەسەر زۆرو کەمیی دەنگەکانی هەڵبژاردن هەیە، وەکو؛ ئەزهەر لەمیسر، یان رێکخراوی (خزمەت)ی فەتحوڵڵا گولەن لەتورکیا. جاری وا هەیە نوخبەکە یەک کەسەو مەرجەعییەتی ئاڕاستەکردنەو کاریگەرە وەکو؛ (نەجیب ساویرس) لەمیسر، (بنباز) لەسعودییەو (سیستانیی) لە عێراق. یان بەشدارە لەڕۆشنبیرکردنی خەڵکی وەکو؛ (عەزمی بەشارە، مونیر شەفیق و عەبدولباری عەتوان)ی فەلەستینی، یان (عەلی شەریعەتی و عەبدولکەریم سرووش)

> ئایا لەناو خوێندەوارانی کورددا نوخبەیەکی پێگەیشتوو بەڕێژەی پێویست هەیە؟ ئەگەر هەن ئایا سەربەخۆن؟ ئەگەر هەن ئایا بوونەتە چینێکی کاریگەر؟ ئایا بوونەتە مەدرەسەیەکی ئاڕاستەوانی کۆمەڵگەو دەسەڵات؟

لەئێران و (ئەبولحەسەنی نەدوی) لەهیندستان.

کەوابوو؛ ئێستا گەیشتینە ئەوەی کە ئومێدمانە هەبێت. ئەمە سروشت و پێناسەو پێکهاتەی تاکوکۆی ئەو چینەیە کە لەئێستای کورددا بۆیان دەگەڕێین، نابێت بهێڵین چەواشەکارانی دەسەڵات و سیاسەت گەندەڵییەکەی خۆیان بهێننە ناو ئەم چینەوە، نابێت بهێڵین (بێسەواد)ێکمان لێبکەنە (رۆشنبیر)، یان (گەلۆر)ێکی حزبی _کە کردوویانەتە وەزیر_ لێمان بکەنە (هۆشیار)، یان لۆزەندەرێکی سەپێنراوی سوپاو موخابەراتمان لێبکەنە (هۆشیاری چالاکوان)ی کۆمەڵگەی مەدەنی! تا وایانلێدێت ئەوەمان لا دەکەن بەیاسای سروشتی، کە (نوخبەی کورد هەر ئەوانەن، سەر بەئێمەی دەسەڵاتن!)

ئێستا جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا لەناو خوێندەوارانی کورددا نوخبەیەکی پێگەیشتوو بەرێژەی پێویست هەیە؟ ئەگەر هەن ئایا سەربەخۆن؟ ئەگەر هەن ئایا بوونەتە چینێکی کاریگەر؟ ئایا بوونەتە مەدرەسەیەکی ئاراستەوانی کۆمەڵگەو دەسەڵات؟

من وا نازانم.. بەڵام بێئومێدیش نیم لەدروستبوونی..

لەڕیزی عەلەمانییەکاندا نوخبەیەکی بەرچاو _بەئاستە جیاوازەکانیانەوە_ هەبوو، بەڵام پارتی و یەکێتی بەدەسەڵاتی سیاسی و هەموو شتێکیتر، ئیحتیوایانکردن و خستنیانە قاڵبی حزبییەوە. (وەکو؛ سەرۆ قادرو پارتی) بەمەیش سەربەخۆییان نەماو وردەوردە لەچالاکییە مەدەنییەکانی ناو کۆمەڵگە دوورکەوتنەوە، کاریگەرییان لەپێگەیاندن و ئاراستەکردنی رۆشنبیراندا نەما.. یان ئەوانەی لەسیاسەت دەکشانەوە وەکو؛ خالد دلێر و جەوهەر نامیق و ...تاد. حزبەکانیان نەیانەهێشت ناوەندی رۆشنبیری و سەنتەری ستراتیژی دامەزرێنن و ئەزموونی تەمەنی تووڵانی خۆیان بخەنەوە بەردەستی نەوەکانی داهاتوو، ئەوانەیشیان کە تەسلیمیان نەبوون وەکو؛ جەمال نەبەز _کە بیرمەندێکی گەورەی قەومییەو نۆ زمانی بێگانە دەزانێت_

نەیانهێشت جێیانبێتەوەو کەناریانخستن، چونکە رەخنەیان "لەدەسەڵاتی کوردایەتییە فشەکە دەگرت" وەکو؛ جەمال نەبەز خۆی دەڵێت..

لەڕیزی ئیسلامییەکاندا نوخبەیەکی رۆشنبیر پەیدابوو، زۆر زۆرتربوون لەنوخبەی عەلەمانییەکان، بەڵام ئازادییان بۆ دەستەبەرنەکرا تا دەرکەون و رۆڵی خۆیان ببینن.. ئەمانیش هەندێکیان حزبە ئیسلامییەکان ئیحتیوایانکردن، یان لەبەر راوەدوونانی ئیسلامییەکان، ناچاربوون خۆ بکەن بەحزبە ئیسلامییەکاندا، کە باوەڕیشیان پێیان نەبوو، تەنها بۆ ئەوەی دەسەڵات نەیانگرێت و بە تۆمەتی (تیرۆر) نەیانداتە دادگای بێ یاساو زیندانی قولەی قافی کوردایەتی.. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا زۆرینەی نوخبە ئیسلامییەکە سەربەخۆ مانەوەو نەکەوتنە ژێر تینوفشاری حزبە ئیسلامییەکان، چونکە حزبە ئیسلامییەکان دەسەڵاتیان بەسەریاندا نەبوو، پاشان دەیان رۆشنبیری تری نوخبە ئیسلامییەکە وازیان لەحزبایەتی و سیاسەت هێنا، بەتایبەتی لەڕاپەڕین و یەکگرتوو، ئێستایش هەندێک مەدخەلی. دەیان دەرکەوتووی تری وەکو؛ د. عبدالواحید، د. خالد، د. عوسمان

لەڕیزی ئیسلامییەکاندا نوخبەیەکی رۆشنبیر پەیدابوو، زۆر زۆرتربوون لەنوخبەی عەلەمانییەکان، بەڵام ئازادییان بۆ دەستەبەرنەکرا تا دەرکەون و رۆڵی خۆیان ببینن..

عەلی، د. تەها، د. رێبوار لەهەولێرو د. کەمال حەسەن لەکەلارو مامۆستا ئیحسان لەهەڵەبجەو ...تاد. بواری سەربەستییان لەبەردەمدا نەبوو، ناچار کەوتنە دامەزراندنی "رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی"ی رەسمیی کە لەڕاستیدا زۆریان لەبێئیشیدا دروستبوون، چونکە یاسای دوای زەمانی ئیحتیلال ویستی رۆشنبیرو چالاکوانانی (دەعوە) ئیسلامییەکە بەم

دوکانانەوە خەریکبکات و وزەیان لەم گەرەلاوژێیەدا بەهەدەربدات، بۆیە یاسای دامەزراندنی ئەم جۆرە کۆمەڵکارییە ئیسلامییە فشانەی _بەلاساییکردنەوەی قسەکەی جەمال نەبەز_ دارشت ..

نوخبە ئیسلامییەکە لەنێوان حزبایەتی و تینوفشاری غلووی عەلەمانییەتی کوردایەتیدا پەرتەوازەبوو، وازی لەبانگەوازە خواییەکەی هێناو نەیتوانی بیپارێزێت و بەردەوامییبداتێ، نەیشیتوانی بەرێکخراوەکانی "کۆمەڵگەی مەدەنی" وجودێک بۆ ئیسلامییەکان بسەلمێنێت و بچەسپێنێت..

راستە دەسەڵاتی عەلەمانییەتی کوردایەتی ئیدارەیەکی پۆلیسی فەرزکرد، بەزۆرو زێرو چەواشەکاری فیرعەونییانە نەیهێشت چینێکی نوخبەی سەربەخۆی نیشتیمانییانە لەباشووردا دروستببێت، بەڵام نەدەبوو هەردوو نوخبەی عەلەمانییەکان و ئیسلامییەکان تەسلیمی ئەو واقیعە ببن، کە پارتی و یەکێتی دروستیانکرد.. ئەم

نەدەبوو هەردوو نوخبەی عەلەمانییەکان و ئیسلامییەکان تەسلیمی ئەو واقیعە ببن، کە پارتی و یەکێتی دروستیانکرد..

پێشەکییانە _کە دەسەڵات و هەردوو نوخبەکە بەرپرسن لەدروستبوونی_ هۆکاری ئەم ئەنجامە نەزۆکەن. ئێستا کۆمەڵگەکەمان رازینییە ئەو دوو ئەسپە کوێرە _بەقەولی عەبدوڵڵا پەشێو_ لابدرێن، چونکە هیچ بەدیل (ئاڵتەرناتیف)ێکی لەبەرچاونییەو دەترسن بەلادانی ئەمان حەشدی وەحشی، یان سوپای پاسداران، یان سوپای تورکیا باشووریش داگیربکەن.

یەکێکتر لەکێشەی نوخبەی کورد ئەوەیە کە: دەسەڵاتی سیاسیی باشوور، توانی زۆر ئاسان نوخبە عەلەمانییەکە _کە زۆرینەیان چەپیین_ بکات بەگژ ئیسلام و ئیسلامییەکاندا، لەبەرامبەریشدا نوخبە

ئیسلامییەکە ناچاربکات بکەوێتە بەربەرەکانیی نوخبە عەلەمانییەکە. ئاوا دەسەڵات توانی ئاراستەی هەردوولایان بەرەو شەڕەدەنووکە بخاتە بەرامبەر یەکتری و لەخۆیان لادات.. ئەمە ئێستایش هەر بەردەوامە، چونکە ئاستی نوخبە عەلەمانییەکە لەرۆشنبیریی ئیسلامیدا ئەگەر سفر نەبێت، نزیکە لەسفرەوە. ئێ ئەو دیموکراسییە فشەیەیش کە پاڵانتەی بۆ دەکەن، ئەو لافوگەزافەی بۆ مافی مرۆڤ لێدەدەن، جێی ئیسلام و ئیسلامییانی تێدانابێتەوە، بۆیە ئاسان بەدەستی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییەوە دێن.

**نوخبە ئیسلامییە پەرتەوازەکە دەبێت لەچەند لایەنێکەوە کاریگەریی خۆی بچەسپێنێت:**

یەکەم- لایەنی پاراستنی بنەما فیکرییە ئیسلامییەکەی زەمینەی رابوونە ئیسلامییەکەمان، کە هەموومانی لەسەر گۆشکراوین، ئێستا بەکاریگەریی راستەوخۆو لاوەکیی ئیحتیلال، "غەربزەدەکان" و ئیسلامییە دەروون بەزیوەکان هەوڵدەدرێ هەڵتەکێنرێ، بەبەهانەی ئەوەی گوایە ئەمانە دیدو تێڕوانین و پێناسەکانی سەید قوتبن، کە بەرپرسە

> دەسەڵاتی سیاسیی باشوور، توانی زۆر ئاسان نوخبە عەلەمانییەکە _کە زۆرینەیان چەپین_ بکات بەگژ ئیسلام و ئیسلامییەکاندا

لەلەدایکبوون و گەشەی دیدوڕێی توندڕەوی..

دووەم- لێکنزیکبوونەوەی خۆیان بۆ دۆزینەوەی کۆلکە هاوبەشەکانی دیدو هەڵوێستیان، تا بتوانن ببنە دەزگایەکی ئاراستەوانیی نەوەی نوێمان، کە بەبەشدارییە سیاسییەکەی یەکگرتوو

کۆمەڵ و بزوتنەوە لەدەسەڵاتدا هەتیوکەوتوون.

سێیەم- پەیوەندیبەستن لەگەڵ ئەو عەلەمانییانەی _کە لەبێئیسلامییدا_ خۆیان لەئینتیمای شارستانێتیی رۆژئاوادا دۆزیوەتەوە، لەوانەی کە دوژمنایەتییەکی ئاشکرایان بەرامبەر ئیسلام لێدەرنەکەوتووە. دەکرێ بەبەستنی پەیوەندیی باش و گفتوگۆی پارسەنگ، بەرەو ئیسلام بهێنرێنەوە.

لەبەرامبەریشدا پێموایە؛ لەناو نوخبە عەلەمانییەکەیشدا کەسانێکی رۆشنبیرو پارسەنگ هەن، کە نە گێژاوی دەسەڵات توانیوێتی ئیحتیوایانکات و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لوولیانکات، نە بەحوکمی پێشینەیش دژایەتیی ئیسلامیان کردووە.. ئەمانیش هەقە بەسینەیەکی فراوانەوە بڕواننە ئیسلام و ئیسلامییەکان و لەوە دڵنیابن، کە داهاتووی نزیکی کوردستان، ئەگەر بۆ ئیسلامییەکانیش نەبێت، هەر دەبنە ژمارەیەکی سیاسیی کاریگەرتر (ان شاء الله)





# ئێرانیزم

## شێوێنەری بیروباوەڕی موسوڵمانانە

ئەندازیار رابەر مەعروف

ئێرانیزم؛ بریتییە لە: سەرخستنی دیدی سیاسیی ئێرانیی و بوارکردنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی گومانەکانی شیعە دەربارەی: دینی ئیسلام بەگشتی و قورئانی پیرۆز، فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، مێژووی ئیسلام و بنەماکانی شەرع بەتایبەتی. لایەنێکی تری بریتییە لە: دیدی مەزهەبی شیعەگەرێتیی، کە لێیەوە دەڕوانێتە جیهان و جەنگی دینیی مەزهەبیی خۆی لەگەڵ سونی و نەیارانی تریدا. لەلایەکی ترەوە واتە: پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران و سەرخستنی پرۆژە سیاسییەکەی لەدەرەوەی سنووری خۆیان.

لێرەدا مەبەستمانە رووی یەکەمی ئێرانیزم _وەک؛ لەپێناسەکەی سەرەوەدا هاتووە، بەتایبەتی لەبارەی بڵاوکردنەوەی گومانەکانیانەوە_ ئاشکرا بکەین. بەڵگەنەویستە عەلەمانییەکان و ئەوانەی وەك روناکبیرو ریفۆرمخوازی ئایینی و بیری ئیسلامیی لیبراڵ خۆیان دەناسێنن، دەیانەوێت بەناوی مەنهەجی موعتەزیلەو خوێندنەوەی عەقڵانییەوە، دەقە قورئانی و سوننەتییەکان لەناوەرۆکی خۆیان خاڵیبکەنەوەو بیکەن بەقسەو گوفتارێکی بێواتاو دواتریش ئیسلام لەکۆمەڵە وێنەو دەقێکی بێواتاو جێبەجێنەکراودا کورتهەڵبهێنن، کە تەنها بریتیبێت لە: چەند

سرووت و دروشمێکی ناو کونجی تەکییەو گۆشە پەراوێزخراوەکان، ئەوانە هەموو هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ لەپێناوی دابەزاندنی دەقە قورئانییەکان بۆ ئاست و پێگەی دەقە ئینسانییەکان، دواتریش پەیوەستکردنەوەیان بەهەلومەرجی کات و شوێنەوە، کە ئەمەیش روانگەیەکی مێژووییانەیە بۆ قورئان و کۆمەڵێکی وەك؛ عەبدولکەریم سروش، موحەممەد موجتەهید شەبستەری، نەسر حامد ئەبوزەیدو موحەممەد ئەرەگۆن بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەمەیش قۆناغی سەرەتای دوورخستنەوەی ئیسلامە لەسەر شانۆی ژیان، بەو پێیەی پەیوەستە بەهەلومەرجێکی مێژوویی و بارودۆخێکی کۆنەوە کە لەگەڵ ئێستادا ناگونجێت!، لەبەرامبەر دەقەکانی فەرموودەیشدا زیاتر بێڕێزیدەنوێنن و ئەوەی لەگەڵ عەقڵ و ژیانی ئەواندا -نەك موسوڵمانان- نەگونجێت رەتیدەکەنەوە، لەم پێناوەیشدا فەرموودەکانی پێغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم) پۆلێنکردووە بۆ فەرموودەی تەشریعی و ناتەشریعی -ئەمە ئەگەر تا رادەیەکیش وابێت- ئەو سنوورەیان بەئەندازەیەك بەرفراوانکردووە کە کاریگەریی پێغەمبەرێتیی پێغەمبەرمان موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) تێیدا کاڵبۆتەوەو گرنگیی نەماوە.

لێرەدا دەمانەوێت یەکێك لەوانە بناسێنین کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر بیروباوەڕی موسوڵمانان لەم سەردەمەدا هەیە، ئەویش عەبدولکەریم سروشە؛ بایەخدان بەعەبدولکەریم سروش بەبێ ئاوڕدانەوە لەپاشخانە مەزهەبییەکەی، شتێکی هەڵەیەو خزمەت بەخوێنەر ناکات، بەڵکو زیاتر سەریلێدەشێوێنێت و سەرگەردانیدەکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەیش بزانین کە سروش لەسەر پێگەیەکی پتەو نەوەستاوە کە: "تێگەیشتنی درووستی قورئان و فەرموودە راستەکانی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)، بەڵکو کولتوورێکی خوێندۆتەوە کە گومان دەخاتەسەر قورئان و بەدەستکاریکراوی دەزانێت". عەبدولکەریم سروش ناوی خوازراوی (حەسەن حاجی فەرەج دەباغ)ەو یەکێکە

لەنوسەرە شیعە بەناو لیبراڵەکانی ئێران، وانەی ئیسلام و فیکری ئیسلامیی، لەزانکۆی جۆرج تاونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەڵێتەوە، رێبازی مامەڵەی لەگەڵ ئاییندا هەمان رێبازی بیرمەندە بەناو لیبراڵ و عەلەمانییەکانی جیهانی عەرەبییە، بەرهەمی کارەکانیشی لەوان زیاترو هەنگاوەکانیشی لەبەرامبەر دەقەکانی قورئان و ماهییەتی وەحی و کەسایەتیی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) لەوان بێشەرمانەترە، چەندین کتێب و نوسینی تایبەتیی دەربارەی ئایین و فیکری ئایینی ئیسلام هەیە، ئەم نوسەرە چەندین سەرچاوەی وەرگرتنی هەیە وەك؛ بیروبۆچوونەکانی: ئیبن عەرەبی، جەلالەدینی




رۆمی، جۆن هیك، باکوبی ئەڵمانی، ئیستیسی بەریتانی، تۆماس کۆهین، حافزی شیرازی، گەورە ئاخوندەکانی شیعە، هەندێك نوکتەو نموونەی گشتیی ئێرانی و نائێرانی، چیرۆکی خورافیی ناو کتێبە شێوێنراوە ئاسمانییەکانی تر، پاشان قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) –بەهیچ شێوەیەکیش دانی خێریان پێدانانێت- کە دەقەکانیان بەشێوەی لەتە ئایەت و لەتە فەرموودە بەکاردەهێنێت، ئەمەیش لەکاتێکدا لەڕووگەو ئامانجی خۆیان لایاندەدات، هەندێك جاریش وتەی پێشەوا عەلیی کوڕی ئەبوتالیب (خوا لێیڕازیبێت) بەکاردەهێنێت.

زۆربەی کتێبەکانی سروش لەلایەن (ئەحمەد ئەلقەبانجی)یەوە بەعەرەبی

کراون، کە ئاخوندێکی شیعەیەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سروشەوە، ئەمیش خۆی بەبیریارێکی بەناو ئیسلامیی لیبراڵ دەزانێت، ئەلقەبانچی؛ لەنەجەف لەدایکبووەو وەك مامۆستاکەی پێیوایە: "قورئان بەم سیفەت و گوزارشتەی لەبەردەستماندایە، لەلایەنی خواوە نەهاتووەو بۆچوونی موحەممەدە (صلی الله علیە وسلم)".

بەشێك لەکتێبەکانی سروش لەلایەن نوسەرانی ناوەندی هەژان _ کە سەر بەیەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانن و گۆڤارێکیش بەهەمان ناونیشانەوە دەردەکەن_و هەندێك ناوەندی عەلەمانیی ترەوە کە کەیفیان بەزۆربەی نوسینەکانی دێت، وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی.

سروش ریفۆرمی بەو کەرەستەو ئایدیا فەلسەفییانە دەوێت کە خۆی دەیەوێت، ئامرازەکانی لەدەرەوەی دین و مەنهەجی بابەتییانەو شێوەی زانستیی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق دینیدا وەرگرتووەو سەرتاپای ئایین و ئەرکی ئایین و پێغەمبەری ئیسلامی (صلی الله علیە وسلم) خستۆتە ژێر پرسیارەوەو پێیوایە: "قورئان بەرهەمی عەقڵی موحەممەدە (صلی الله علیە وسلم)"، ئەمەیش لەکتێبی (بسط التجربة النبیویة)دا هاتووە.

**سروش دەیەوێت بیسەلمێنێت کە: "ئایینی ئیسلام تێکەڵەیەکە لەحەق و باتڵ نەک حەقی ڕەهای خوایی"**

هەروەها (شەبستەری) لەبابەتێکیدا بەناونیشانی خوێندنەوەیەکی پێغەمبەرانە بۆ جیهان، پێیوایە: "قورئان تێڕوانینی خودی پێغەمبەرە (صلی الله علیە وسلم) بۆ جیهان و دیاردە جۆربەجۆرەکانی". بەواتایەکی تر پێیوایە: قورئان دانراوی پێغەمبەرە (صلی

الله علیه وسلم) نەك لەلایەن خواوە دابەزێنرابێت!.

كەواتە: سروش لەڕیزبەندیی نوسەرو بەناو ریفۆرمخوازەکانی وەك؛ نەسر حامد ئەبوزەیدو موحەممەد ئەرەگۆندایە کە پێیانوایە: "دەبێت لەڕوانگەیەکی مێژووییەوە قورئان تەفسیربکەین". بگرە لەوانیش زیاتر رۆیشتووەو وەك؛ شەبستەری هاومەزهەب و هاوڕێبازی بانگەشە بۆ ئەوە دەكات كە: "قورئان نەك هەر تەنها پەیوەستە بەبارودۆخێکی مێژووییەوە، بەڵکو درەوشانەوەی هزرو زیهنی موحەممەدیشە (صلى الله علیه وسلم)". سروش تەنها لەسەرێکەوە ماهییەتی قورئانی پیرۆزی نەخستۆتە چوارچێوەیەکی ئینسانییەوە، بەڵکو لەسەرێکیتریشەوە کردەی (وەحی)ی دابەزاندۆتە ئاستی حاڵەتە ئینسانییەکانی وەك؛ شیعرو شاعیرێتی، ئەزموونی شیعری شاعیرانی دەقاودەق بەسەر وەحیی پێغەمبەراندا (سەلامی خوا لەسەریان بێت) چەسپاندووە، کە ئەمەیش پێچەوانەی دەقی سەریح و ئەو هەموو ململانێ مێژووییەی نێوان قوڕەیش و پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) بووە، لەبەرئەوەی شیعرو شاعیرێتی دووربووە لەكەسایەتیی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)و قورئانی پیرۆزەوە. سروش دەیەوێت بیسەلمێنێت کە: "ئایینی ئیسلام تێکەڵەیەکە لەحەق و باتڵ نەك حەقی رەهای خوایی"، پاشان بەرزترین پلەیش کە بەخێری خۆی دەیداتە ئیسلام، یەکسانکردنییەتی بەئایینەکانیتر!.

یەکێك لەکتێبەکانی سروش بەناونیشانی (صراطهای مستقیم)ە کە بەفارسی نوسراوەو بەعەرەبی کراوە بەناونیشانی: (الصراطات المستقیمة، قراءة جدیدة فی نظریة التعددیة الدینیة) زۆر ئاشکرایە کە ئەمەیش بەتەواوی دژی قورئان وەستاوەتەوە، چونکە (الصراط المستقیم) لەقورئاندا تەنها بۆ ئیسلام بەکارهاتووەو بەهیچ شێوەو لەهیچ حاڵەتێکدا مانایەکی ترو ئایینێکی ترو رێبازێکی تر ناگرێتەوە، هەرگیز ئیسلام نەیفەرمووە: جولەکەیی و نەسرانێتی دوای شێوێنرانیان، رێگەی هیدایەتن و ئینسان بەهۆی

جێبەجێکردنیانەوە دەچێتە بەهەشت. ئاشکرایە خۆ ئەوانیش ئیسلام بەڕێگەی هیدایەت نازانن، مەجوسییەتیش کە سروش دەیخاتە ریزی ئیسلام و جولەکەیی و نەسرانێتییەوە، هیچ لایەکیان بەڕاست نازانێت، بەڵام سروش دەڵێت: "هەموویان راستن و رێگەی هیدایەت و دۆزینەوەو ناسینی خوای گەورەن و رێگەی بەهەشتیش لێیانەوە کراوەیەو دەستەبەرکراوە".

ئەم کەسانە دەیانەوێت هەرچی تواناو هێزی خۆیانە بیخەنەکار بۆئەوەی: رێژەیی، ناپیرۆزیی، نارەهایی، ناهەمیشەیی و ناکاملی بدەنە پاڵی ئیسلام و بنەما نەگۆڕەکانی، دواتریش یەکسانیبکەن لەگەڵ هەر قسەو نوسینێکی تری ئینسانەکاندا، پاشان بەئارەزووی خۆیان گۆڕانکاریی تێدابکەن و بیشێوێنن. هەروەها کاتێك خەڵکی دابەشدەکەن بۆ دەستەی عەقڵ و دەستەی وەحی، هەروەك ئەوە وایە کە وەحیخوازەکان لەنەبوونی ژیریدا بەوەحی ئاشنابوبن، بەڵگەنەویستە تەنها عەقڵ دەتوانێت بەڵێ و نەخێر بۆ شتەکان بکات و بەتەنهایش وەحیی خوایی دەتوانێت پەنهانەکان و حەشارگەی پەنهانەکان بخاتە بەردەمی ژیری و لە: شڵەژاوی، دڵەڕاوکێ، نەزانین، گومان و بڕیاری ساویلکانە رزگاریبکات.

> سروش تەنها لەسەرێکەوە ماهییەتی قورئانی پیرۆزی نەخستۆتە چوارچێوەیەکی ئینسانییەوە، بەڵکو لەسەرێکی تریشەوە کردەی (وەحی)ی دابەزاندۆتە ئاستی حاڵەتە ئینسانییەکانی وەک؛ شیعرو شاعیرێتی، ئەزموونی شیعری شاعیرانی دەقاودەق بەسەر وەحیی پێغەمبەراندا (سەلامی خوا لەسەریان بێت) چەسپاندووە

یەکێك لەسەرچاوەکانی تری سروش: بۆچوونەکانی (جۆن هیك)ە، کە فەیلەسوفێکی کەلامیی نەسرانیی

هەن". ئایا لەچ شوێنێکداو لەچ کاتێکداو بەچ دەقێکی قورئان، یان فەرموودە سەلمێنراوە کە ئیسلام دەستخۆشیی لەعەقیدەو عەقڵییەتی نەسرانییەکانی: نەجران، یان شام، یان حەبەشە، یان جولەکەکانی: بەنوقورەیزە،




بەنوقەینوقاع، بەنونەزیرو خەیبەر، یان هەڵگەڕاوەکانی شوێنکەوتووی موسەیلەمە، یان ئەسوەدی عەنەسی، یان تولەیحەی ئەسەدی کردبێت؟! کەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: ئەوانیش لەناو هیدایەتی خوای گەورەدان؟!

سروش زۆر تامەزرۆی خۆناساندنییەتی بەدوو خاڵ: یەکەم- دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئیسلام و تێگەیشتنە ئیسلامییەکان هەموویان –جگە لەتەسەوفی فەلسەفی، کە بەهەڵەو

هاوچەرخە، جۆن هیك و سروش دەیانەوێت: "خوای بێهاوتا وەک؛ ئینسانێکی: رقن، داگیرکار، بێئاگاو رەگەزپەرست وێنابکەن". _پاکی و بێگەردی بۆ خوای بێهاوتای باڵادەستی جیهانیان، لەوەی ئەم گومڕاو نەفامانە دەیڵێن_ لێرەدا بوارمان نییە بۆ هێنانەوەی تەواوی بەڵگەکان لەوبارەیەوە.

بیرۆکەی (جۆن- سروش) کە باسی پلۆرالیزم دەکات، دەڵێت: "حەق و ناحەق رێژەیین و لای هەموو ئایین و نەتەوەیەك

بەمەبەست بەعیرفان دەیناسێنن-بوارناکەنەوە بۆ هەناسەدانی هیچ ئایینێك، چجای مانەوەو بەحەقناساندن و پشتیوانیکردنی. دووەم- دەیەوێت بیسەلمێنێت باشترین و ڕەواترین ئیسلامیش ئەوەیە، کە سروش لێیڕوانیوەو لەپەنهان ڕزگاریکردووە، یان دایهێناوە!.

ئیسلامی تەواوو تەنهایش بەبۆچوونی سروش: ئەو ئیسلامە فرەگیرو فرەجەمسەرەیە، کە نەك دەرگای والآیە بۆ داننان بەمافی دین و دینداریی ئەوانی تردا، بەڵکو بەبەشێك لەهیدایەتی خوداو فریادڕەسی دوارۆژیان دەناسێنێت، لەم پێناوەیشدا دیندارانی کردووە بەدوو بەشەوە: گیرخواردوو، فرەییخواز.



عەبدولکەریم سروش

لێرەدا پێویستە بپرسین: بۆچی سروشییەکان و هاوڕێبازەکانیان دەیانەوێت خۆمان بەچاوی خۆمان جیهان نەبینین و (جیهانبینی، ژیانناسی، ئاییندارى و ئینسانسازی)مان کەسانیتر بۆمان دارێژن؟! بۆچی بەسوکایەتیکردن بەیاساو ڕێساکانی: حەڵاڵ و حەرام، خێرو شەڕ، حەق و ناحەق، پاکو پیس، ئیمان و کوفر، پاداشت و سزای خوای بێهاوتا، ئایین و شەریعەتەکەی، دەیانەوێت خولیاو خەیاڵمان گرێبدەن بەجێگرەوەیەکی ترەوە،

جۆن هیک و سروش دەیانەوێت: "خوای بێهاوتا وەک؛ ئینسانێکی: ڕقن، داگیرکار، بێئاگاو ڕەگەزپەرست وێنابکەن".


کاتێکیش دەپرسین ئەو جێگرەوەیە چییە؟ بۆمان دەردەکەوێت تەنها ئەوەیە، کە نابێت بەسنورەکانی خوای باڵادەستەوە پابەندبین، ئەگینا جێگرەوەکە شرۆشیتاڵی ئینسانەکانیترە، ئەوانیش دەیانەویت لەسەرمان فەرزبکەن، ئەگەر کەسێك بیەوێت کافربێت، یان بڵێت: من کافرم، هەروەها لەهیچ ڕێگەیەکەوە نەیەوێت لەگەڵ ئیسلام ڕێکەوێت، هەردەبێت بەبەهەشتیی بزانین و لەڕیزی هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دایبنێین!! هۆی چییە سروش و هاوبارەکانی، داوادەکەن لەنەوەکانی ئیسلام، کە زانایان و دانایانی ئوممەتەکەیان هەمیشە بەکەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەتی سەیربکەن، ئەگەرچی لەداهێنانی: هزری، فیقهی، فەلسەفی، فەرهەنگی و کرداریشدا بگەنە ئەستێرەکان؟!

## پوختەو دەرەنجام:-

١- ریفۆرمخوازیی و کرانەوەی هزریی ئەم بەناو لیبراڵانە زۆر کورتهێناوەو ئێستایش بیرکردنەوەیان لەئاستی کافرەکانی قورەیشی سەرەتای هاتنی ئیسلام تێناپەڕێت، چونکە هەمان وتەکانی ئەوان دەڵێنەوەو شتێکی زیاتریان لەبیروبۆچوونەکانی ئەوان دەربارەی قورئان و پێغەمبەر (ﷺ) نەوتووە، بەواتایەکیتر زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵیان ماوە بۆئەوەی بەباشی لەئیسلام تێبگەن و بەرزببنەوە بۆ ئاستی موسوڵمانێکی سادە، کە بەڕاستی لەئیسلام تێگەیشتووە، نەك وەك ئەوان.

٢-زۆر سەیرە؛ کەسانێك خۆیان بەنوسەرو ڕۆشنبیری موسوڵمان بزانن، کەچی هەر بڵێن: سروش وایوت، سروش وا دەڵێت، لەکاتێکدا ئەمانە بیروبۆچوونەکانی سروش و هاوبارەکانی بن.

٣-لەوەیش سەیرتر ئەمەیە: نوسەرانێکی سەر بەیەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان _کە حزبەکەیان پاشخانێکی ئیخوانیی هەیە، کەچی_ ئەوەندە گرنگیی زۆر بدەن بەهزری ئێرانیزم و پێیسەرسامبن _وەک ئەوە وایە: "هەنگوینیان لەکلۆرە داردا دۆزیبێتەوە"_ هەروەها ئەوەندەیش بەپەرۆشبن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بیروبۆچوونە روخێنەرەی



# هەنگاوو کەرەستەو ڕێساکانی شیکاریی سیاسیی ڕاگەیاندنکاری

ئا: هاوبیر هەولێری

عەقیدەی موسوڵمانانی کورد، کە گومڕایی نەبێت هیچی تری لێسەوزنابێت. بەداخەوە ئەمەیش لەباشترین حاڵەتدا؛ تەنها نەخوێندەواری و نەفامیی ئەوان، یان بەکرێگیراوییان دەگەیەنێت.

شیکاریی سیاسی؛ بریتییە لە: گەڕان بەدوای ئەگەرە شیاوەکانی کارو کاردانەوەی دیدوڕێکانی ناو هێزە کاریگەرە سیاسییەکانی کۆمەڵگە، هەروەها لێکدانەوەی زانستییانەی ڕۆشن بۆ جۆری پەیوەندییەکانی نێوان ئەو هێزە کاریگەرە دەرەکی و ناوەکییانە.

دەکرێ بوترێ: شیکاریی سیاسی؛ ڕێگەو شێوازی حوکمدانە لەسەر ڕووداوو دیاردە سیاسییە هەرێمی و ناوچەیی جیهانییەکان. لەم ڕوانگەوەیە کە دەبێت توێژەرەوان تێگەیشتنێکی قووڵی واقیعی سیاسی ئەو: کۆمەڵ، یان دەوڵەت، یان وڵاتانە بزانن، کە دەخوازن توێژینەوە دەربارەیان ئەنجامبدەن، لەگەڵ دۆزینەوەی سەرەداوەکانی پەیوەندیی ئەو واقیعە بەمەڵبەندەکانی بڕیاری سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە.

شیکاریی سیاسی؛ هەر لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکان نییە، بەڵکو پەیبردن و تێگەیشتنی ڕووداوەکان و دۆزینەوەی هۆکارو پاڵنەرەکانییەتی، تا بتواندرێ ئەو ڕووداوانە دیاریبکرێن کە ئەگەری دەرکەوتنیان هەیە، هەموو ئەم ماندووبوونەش بۆ ئەوەیە کە بۆچوونێکی درووست پەیدابێت و بەشێوەی پێشنیازی واقیعی بخرێتە بەردەستی خاوەن بڕیارەکان، تا پێش سەرهەڵدانی کێشەکە بزانن چارەسەری چی دەبێت ، یان ڕەفتاری پارسەنگ و شیاو کامەیە دەربارەی ئەو دیاردەیەی کە دەشێت لەداهاتوویەکی نزیکدا لەکۆمەڵدا دەرکەوێت.

لەڕاستیدا شیکاریی سیاسی؛ هونەرو زانستە، لەجیهانی ئەمڕۆشماندا ئامرازێکی تازەیە. ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی ڕێسا باوو بنچینەییەکان _تا ڕادەیەکی زۆر_ بەشیکاریی سیاسییەوە پەیوەستدەبنەوە، بەویش لاسەنگ، یان پارسەنگ دەبن.. ئاراستەکانی شیکاریی سیاسی لەوڵاتی ئێمەدا زۆر بەئیفلیجی لەدایکبوون، چونکە هەر لەسەرەتاوە کەوتنە ژێر قامچیی دەسەڵاتی سیاسی و گەڕەلاوژێی لایەنەکان و ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکانی هەردوولایانەوە، بۆیە هێشتا سەرەتایەک دەرنەکەوتووە لەوەی پێیبوترێ: شیکاریی سیاسی و ستراتیژیی پیشەیی.. هەر لەسەرەتاوە لەناو کورددا ڕێساو بنەما زانستییەکانی شیکاریی سیاسی، بەخواروخێچی و بەحزبیکراوی دەرکەوتن، بۆیە نەوەی نوێش هێشتا ئەو ڕێساو بنەما زانستییانەی لەبەردەستدانین..

هەروەها شیکاریی سیاسی؛ خزمەتێکی مەعریفیی کۆمەڵگەیەو جەخت لەپاکی و ئەمانەتی زانستی دەکاتەوە، ئامانجە گەورەکەشی ڕۆشنکردنەوەی بیروڕای گشتییە دەربارەی ڕووداوو هەڵوێستە کاریگەرەکانی ئێستاو داهاتووی ناوچەکە.

شیکاریی سیاسی؛ دوو بەشی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، هەریەکەیان وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی دەداتەوە، کە تەسەورناکرێ شیکارییەکی سیاسی هەبێت و وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی تێدانەبێت.

> شیکاریی سیاسی؛ هەر لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکان نییە، بەڵکو پەیبردن و تێگەیشتنی ڕووداوەکان و دۆزینەوەی هۆکارو پاڵنەرەکانییەتی

**بەشی یەکەم- تێگەیشتنێکی وردەکارانەی ڕەوتی ڕوداوەکانە، ئەمەیش وەڵامی پرسیاری یەکەمە، کە دەڵێت: چی ڕوویدا؟**

لێرەدا مەبەستمان لەتێگەیشتنێکی وردەکارانە؛ قاڵوقوڵبوونەوەیە لەشیکردنەوەی ڕووداوە سیاسییەکەو

نەوەستان و قایلنەبوونە بەزانیارییەکی رووکەشانەی کەم، چونکە دەشێت رووداوە سیاسییەکە زیاتر لەواتایەک هەڵبگرێت، زۆرجاریش واقیعە ئاشکراکەی روداوێک شتێکەو ناوەڕۆکەکەی شتێکی تر.

مەبەست لەئاڕاستەی رووداوەکە ساتوکاتە هەنوکەییەکەی روداوەکە، یان کۆتا وێنەی روداوەکە نییە، بەڵکو مەبەست لێ شارەزایی و درکپێکردنی بەشە مێژووییەکەی رووداوەکەو دەزووی پەیوەندییەکانێتی بەواقیعی ئیستاوە، لەگەڵ پەیبردن بەسروشتی کەسایەتییەکان و هێزە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان، کە لەگەڵ پاڵنەرو هۆکاری ئەو روداوانەدا _کە لێکۆڵینەوەیان لەسەردەکرێ_ تێهەڵکێشدەبنەوە..

**بەشی دووەم-** پەیبردنە بەو هۆکارو پاڵنەرانەی روداوەکەیان دروستکرد. ئەوەش وەڵامی پرسیاری دووەم دەخوازێت، کە دەڵێت: بۆچی روویدا؟

لێرەشدا چاودێرو شیکەرەوەی سیاسی نابێت هەر شرۆڤەی پاڵنەرە سەرەتاییەکانی رووداوەکە، یان دیاردەکە بکات و بەس، بەڵکو؛ دەبێت هەر لەسەرەتاوە گرنگی بەمەیان بدات، دەبێت زۆر بەڕووداوەکەدا رۆچێت تا دەگاتە هۆکارو پاڵنەرە شاراوەکان، کە عادەتەن ئەو کەسانەی پسپۆڕی ئەم بوارەنین _یان شارەزای بنەماکانی شیکاریی سیاسی نین_ پەیپێنابەن.

پەیبردن ئاستێکی بەرزترە لەفێربوون و زانین، ئاستی پەیبردن گشتگیریی و دەوردانی تەواو دەخوازێت، تا هەموو هۆکارو پاڵنەرە شیاوەکان و ئەگەرەکانی لەلا روونددەبێتەوە، نابێت بەیەکیانەوە سەرقاڵببێت و وابزانێت نهێنییەکانی دۆزیوەتەوە!

> شیکاریی سیاسی؛ خزمەتێکی مەعریفییە بەکۆمەڵگەو جەخت لەپاکی و ئەمانەتی زانستی دەکاتەوە، ئامانجە گەورەکەشی رۆشنکردنەوەی بیروڕای گشتییە دەربارەی رووداوو هەڵوێستە کاریگەرەکانی ئێستاو داهاتووی ناوچەکە.

## هەنگاوەکانی شیکاریی سیاسی:

یەکەم- شارەزابوونی مێژووی بارودۆخی رووداوەکەو هەبوونی زانیاریی پێشوەختە لەسەر باسە پێشنیازکراوەکەی شیکارییەکە.

دووەم- زانیاریی نوێ و هەنووکەیی لەسەر بابەتەکە، وەکو؛ لێدوانی: بەرپرسان، بیرمەندان، رۆشنبیران و ئەوانەی دەستیان لەڕووداوی رووداوەکەدا هەبووە، لەگەڵ ئەو هەواڵە باوەڕپێکراوانەی لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە دەستیکەوتووە، لە: رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت و ...تاد.

سێیەم- ئەو بەرژەوەندییانەی کە لایەنە بکەرەکانی رووداوەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ زانینی رێژەو بڕی کاریگەریان لەسەر یەکتری.

چوارەم- زیادکردنی زانیارییە تایبەتییەکانی شیکارییەکە، بەحوکمی پلەو پۆست یان تێکەڵیی و پەیوەندییەکانی کە لەلای کۆبوونەتەوە، ئەمانە ئاوێتەدەکاتەوە لەگەڵ پسپۆڕیی و زمانپاراوییەکەی، لەهێزیی دارشتن، یان دەربڕینەکەیدا..

## کەرەستەکانی شیکاریی سیاسی:

زۆربەی بیرمەندو شرۆڤەوانی بەتوانا کەرەستەکانی شیکاریی سیاسییان کردووە بەچەندین بەش و قۆناغەوە:

١. دیاریکردنی کێشەکەو ناساندنی: ناکرێ رووداوێک شیکاربکرێ، کە هێشتا زانیارییە سەرەتاییەکانی نەخراوەتە بەردەست و پێناسەنەکراوە، هەر کێشەیەک کە دەخوازرێ شیکاریی سیاسیی بۆ بکرێ، دەبێت زۆر بەڕۆشنی و راشکاوی بناسێنرێ و هیچ لایەنێکی لەتەمومژدا نەهێڵرێتەوە.

٢. کۆکردنەوەی هەموو هەواڵێک کە پەیوەندیی بەو کێشەیەوە هەیەو دەخوازرێ شیکاریی بۆ بکرێ:

أ- وەرگرتنی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بەڕووداوەکەوە: چاودێری سیاسی گرنگییەکی تایبەتی بەهەواڵە سیاسیەکان دەدات و توێژینەوەیان بۆ دەکات و بەدوای سەرچاوەکانیاندا دەگەڕێت، توخمەکانی پێکهاتەی هەواڵەکان شیتەڵدەکاتەوە، تا هەواڵەکە روونتر دەربخات و تایبەتمەندییەکانی زەقکاتەوە. بەهای هەواڵی سیاسی



بەپێی درێژیی یان کورتیی دارشتنەکەی نییە، بەڵکو دەکەوێتە سەر بوونی بڕی زانیاریی دروست تێیدا.

ب- بەگەڕخستنی زانیارییەکان بۆ گەیشتنە مەبەستی شیکارییەکە: دوای ئەوەی شیکارییەکە کۆمەڵێك زانیاریی پوختی وا دەستدەخات کە پشتی پێببەسترێ، ئینجا قۆناغێکی ئاڵۆزترو وردەکارانەتر دێتە پێشەوە، کە ڕێکخستنی زانیارییەکان و ڕاست پەیوەستکردنیانە بەیەکترییەوە، تا لەهەموو لایەوە ئەو وێنایە بنەخشێنن، کە شیکارییەکە سوورە لەسەر ئەوەی بیخاتە بەردەست، چونکە گەیشتۆتە ئەوەی کە ئەم ئەنجامە _بەو هەموو بەڵگانەوە کە نیشانیداون_ نزیکترینە لەواقیعەکەوەو ڕاستتر دەتوانێت ببێتە پێناسەو وێناو لێکۆڵینەوەی دروستی ڕوداوەکە.

## ڕێساکانی شیکاریی سیاسی:

لێرەدا پوختەی گرنگترین و دیارترین ئەو ڕێسایانە خراونەتەڕوو، کە یارمەتیدەری چاودێرانی سیاسین بۆ ئەرێنیبوونی پیشەکەیان و بەدەستهێنانی ڕێزی جەماوەر:

**ڕێسای یەکەم-** ڕێز لەتایبەتمەندیی و ئەزموونی وەدەستهاتووت بگرە. ئەمەش داوای ئەوەت لێدەکات کە قسە لەبوارێکدا نەکەیت کە هی خۆت نییەو شارەزاییت تێیدانییە. چونکە هەموو کێشەکی سیاسی بابەتێکی سەرەکی و کۆمەڵێك لقی لێکەوتەی هەیە، کە تێگەیشتن و لێکدانەوەیان، پێویستیی بەپەیبردن بەئەلفوبێی زانستەکەی و ڕێگەکانی تێگەیشتنی چۆنێتیی پراکتیزەکردنە سیاسییەکەی هەیە.

> شرۆڤەوانی سیاسیی سەرکەوتوو، لەڕاستیدا خوێنەرێکی پەیبەرو دیدروون و بیرتیژە، کەسێکە وردەکارانەو پارسەنگانە بەدوای ڕووداوەکانەوەیە

**ڕێسای دووەم-** شیکارییە سیاسییەکەت بەتەنها لەسەر توانای ڕەوانبێژیت دامەمەزرێنە، دڵنیابە هەرچەندە بەهرەوو لێهاتوویی زمانەوانیت ناوازەبێت، لەوکاتەدا

هەڵوێستەکە داوای بۆچوون و لێکدانەوەیەکی پاک و پوختت لێدەکات، یان داوادەکات تێڕوانینێکی پارسەنگ و واقیعی بخەیتە بەردەست.

**ڕێسای سێیەم-** بزانە کە زانیاریی و سەرچاوە تایبەتییەکانی شیکاری، گرانبەهاترین کەرەستەی بەردەستن، ئەوە سەرمایەکەیەتی، نابێت هەرئەوە بڵێیتەوە کە خەڵکی لەشوێنی تردا دەیخوێننەوە، دەبێت زانیارییە تایبەتییەکانی خۆت زیادبکەیت، کە لەچەندین سەرچاوەی کەس و لایەنی تایبەتی نوخبەو جەماوەرەوە دەستتکەوتوون.

**ڕێسای چوارەم-** زۆر وریابە، حەزی دەرکەوتنت سەرتلێنەشێوێنێت و هەڕاڵتنەکات، کە شتێک بڵێیت راستنەبێت، چ زانیارییەک بێت و هەڵەشانە فڕێیدەیت، چ توانجێک بێت و وەکو پلار بیگریتە خەسمێکی سیاسییت.

ڕێسای پێنجەم- شیکارییە سیاسییەکەت، بەداتاو ژمارەو بەڵگەکان بەهێزبکەو رووداوەکانیش بەیەکەوە وابەستەبکە. هزروهۆشت چاک ڕێکبخە تاکو بتوانیت ناوەرۆکی باسەکەت بەشێوەیەکی تۆکمە بگەیەنیتە خوێنەرو بینەرو بیسەرەکانت، ئەوانیش دڵنیابن لەوەی کە تۆ لەناو بارودۆخێکی پڕ لەزانیاریدا شارەزایانە دێیتەگۆ.

**ڕێسای شەشەم-** بەزمانێکی نەرم و دەنگێکی هێدی، کۆمەڵێك دەستەواژەی پتەو دەربڕە، دووربە لەمنجەمنج و شێوازی مەلەلهێن. ڕێزی کەسی بەرانبەرو بەشداربووانیش بگرە، بشزانە هاوارکردن و جێنودان بەرانبەر بەرهەڵستکارەکەت؛ هەڵچوونەو هیچ پەیوەندیی بەشیکاریی سیاسییەوە نییە، مەگەر هەر ئەوەبێت کە جەماوەری "زۆرانبازیی ئازاد"انەت بۆ زیادبکات، کە تەنها حەزیان لەشکاندنی بەرامبەرەکەیە! ئەم جۆرە جەماوەرە نە ئەستێرە دروستدەکەن، نە پارێزگاریی ئەستێرەیەکیش دەکەن، کە هاتوهاوارو توندوتیژی دروستیکردووە.

**ڕێسای حەوتەم-** دڵنیابە قەیرانە سیاسییەکان لەجیهانی ئەمڕۆماندا، بەشێکن لەدەستشکانەوەی ئیرادەو ململانێی سیاسی، بۆیە وا گومانبەیت کە حەماسەتە نابەجێکەت، ئیرادەی بەرانبەرەکەت تێکدەشکێنێت، یان ڕەوتی قەیرانەکان دەگۆڕێت. لەمەیشەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت، کە پێویستە جیاوازیی بخەیتە نێوان شیکارییەکی سیاسی کە بەرانبەر جەماوەر دەریدەبڕیت، لەگەڵ

راوێژکردنێکی سیاسیی نیشتیمانی، کە داواتلێکراوەو تۆیش بەخێرایی دەیکەیتە چەپکەگوڵی دەستپێشخەریی خۆت.

**رێسای هەشتەم**- بزانە کە شرۆڤەوانی سیاسیی سەرکەوتوو، لەڕاستیدا خوێنەرێکی پەیبەرو دیدرِوون و بیرتیژە، کەسێکە وردەکارانەو پارسەنگانە بەدوای رووداوەکانەوەیە، لەم روانگەوەیە، کە دەبێت بزانین شیکاریی ئەو کەسە

زۆر وریابە، حەزی دەرکەوتنت سەرتلێنەشێوێنێت و هەڕاڵتنەکات، کە شتێک بڵێیت راستنەبێت

پێشکەوتووترە، کە گەنجینەیەکی زۆری زانیاریی لەسەر هێزەکان و چۆنێتیی هەڵویستوەرگرتنیان هەیەو بیرتیژانە بۆ شتەکان دەچێت.

**رێسای نۆیەم**- لەیادتبێت کە سیاسەت واتای "هونەری گونجاندن" دەگەیەنێت، ئەمەیش یانی کە هیچ ئەستەمییەك لەسیاسەتدا نییە، بۆیە پەلە لەدەرکردنی بڕیاردا مەکە، بەتایبەتی دەربارەی (حوکمە بنبڕەکان). ئەوەت لەیادنەچێت، کە شیکاریی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی، بریتییە لە: هونەری پێشبینیی چارەنووسی رەفتارو رووداوەکان و نیشاندانی ئەگەرەکان .

**رێسای دەیەم**- بزانە کە دەرکەوتنی دووربارەو هەمیشەیی لەراگەیاندنەکانەوە، تەنووری ئاشکرای سووتاندنی کەسایەتیتە، بۆیە زۆربڵێ مەبە، لەو جۆرە کەسانەیش مەبە کە بەهەمان زانیارییەوە لەم کەناڵەوە بۆ ئەو کەناڵ بازدەدەن، یان لەم کۆڕەوە بۆ ئەو دیدار، لەم ساحەوە بۆ ئەو ساحەی کۆبوونەوەی جەماوەر.. ئەگەر ئەم خاڵە گرنگە رەچاونەکەیت، دڵنیابە رۆژێك ئەو قسەیەت دێتە گوێ کە دەڵێت: "قسەی سواوەو فیلمی سوتاوە".

لەدوای ئەمانە ئەگەر بپرسین: چەند کەسمان لەگەڵ دەبێت لەچاودێرو شیکەرەوەو شارەزایانی ستراتیژییەت، بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەرنامەکانی گفتوگۆ، ئایا وەڵام چی دەبێت؟!



# عادل عەبدولمەهدی؛

## تەواوکاری پرۆژەکانی ئێرانە لەعێراقدا

**و: هادی شاربازێڕی**

دۆست و لایەنگرانی ئەمریکا لەعێراق دڵگرانن بەوەی کە ئێران دەست بەسەر پۆستی سەرۆک وەزیراندا بگرێ، سەرەڕای ئەوەی لایەنگرانی ئێران، لەدوای دیاریکردنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورەیان بەدەستهێنا، دەزگاکانی راگەیاندنی بەناو عێراقیی سەر بەئێران _بەهۆی سەرکەوتنی ئەو گەنجە سوننییەی کە پێشتر پارێزگاری ئەنبار بوو، بەناوی موحەممەد حەلبوسی_ ئاهەنگیانگێڕا، چونکە ئەو پۆستە یەکێکە لەسێ پۆستە گرنگەکانی وڵات، هاوشانی پۆستی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانە.

لەدەستپێکی قسەکانیاندا، سیاسییە عێراقییەکانی سەر بەئێران، دەربارەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەڵێن: کەسی هەڵبژێرراو شیاوە بۆ ئەو شوێنە. هەروەها بەو نەخشەیەی دانراوە، کە بریتییە لەدابەشکردنی ئەو پۆستانە بەسەر هەرسێ لایەنی شیعەو کوردو سوننەدا، ئەم مەبەستە دێنێتەجێ و ئەمەیش یەکەم پۆستە بەسوننەکان دراوە!.

قەیس خەزعەلی؛ کە سەرکردەی (عصائب أهل الحق)ە، یەکێکە لەکەسە دیارەکانی ئێران لەعێراقدا، هەر زوو پیرۆزبایی خۆی لەحەلبوسی کردو دەرچوونی ئەوی بەشتێکی شیاو دانا، هەروەها ئەم ئەنجامەیشی بەوە دانا، کە

هەرچەندە دەستتێوەردانی دەرەکی هەبێت، بەڵام هەر ئەو _حەلبوسی_ سەردەکەوێت، ئەم قسەیەیشی ئاماژەیەک بوو بۆ دەستتێوەردانی ئەمریکا لەعێراق.

حەلبوسی لەدەنگدانی داخراوو لەپەرلەمانی عێراقدا توانی _بەسەر خالید ئەلعوبەیدیی وەزیری بەرگریی پێشوودا، کە رکابەری دیاری ئەو بوو_ سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ببێتە سەرۆکی پەرلەمان.

هەوڵەکانی ئەمریکا سەرکەوتوونەبوو لەگۆڕینی حەلبوسی بەعوبەیدی، هەرچەندە لایەنە سوننییەکان و کوردەکانیش هەوڵیاندا، ئەمەیش ئاماژەیەکی زۆر ئاشکرایە، کە نفوزو هێزی ئێرانییەکان لەئەمریکییەکان کاریگەرترە لەعێراقدا.

ئەگەر سەرنجبدەین لەسیاسەتی ئەو عێراقییانەی لایەنگری ئێرانن لەهەڵبژاردنی حەلبوسیدا بۆ سەرۆکی پەرلەمان، ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەرییەکی زۆریشیان دەبێت لەهەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا، لەدوای ئەوەی کوتلەکانیان دەنگی زۆرینە بەدەستدێنن لەناو پەرلەماندا. دروشمی کوتلەی گەورەی پەرلەمانی، پشتگیریکردن بوو لەحەلبوسی لەبەرامبەر عوبەیدیدا، کە ئەم کوتلەیەیش لایەنگرانی موقتەدا سەدرو حەیدەر عەبادی و عەمار حەکیمن، لەکاتێکدا ئەم کەسانە بەوە نەسراون سەرکردایەتیی ئەو تەوژمە دەکەن کە دژ بەنفوزی ئێرانە لەعێراقدا، بەڵام لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوە هەیە لەنێوان هاوپەیمانیی ئەلفەتح کە سەرکردەکەی هادی عامرییەو نزیکە لەئێران لەگەڵ موقتەدا سەدردا، کە ئەوانیش حەلبوسییان پێپەسەندبووە، کە بخرێتە ناو ئەو کێبڕکێیەوە وەک پاڵێوراوێکی ئێرانی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.

خوێندنەوەی زۆرینەی چاودێرانی سیاسی لەدیاریکردنی حەلبوسیدا بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە دەگەیەنێت، ئەمە نامەیەکە لەئێرانییەکانەوە بۆ ئەمریکییەکان، کە چالاکیی تاران لەدۆسیەی سیاسیی عێراقدا بەهێزترە لەوان.

دیبلۆماسییەتی ئەمریکی لەم گۆڕانکارییەدا لێڵی و ئاڵۆزییەکی پێوەدیارە، ئەگەر وردبیینەوە لەو بەیاننامەیەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغداد لەکاتی هەڵبژاردنی حەلبوسیدا دەریکرد، باس لەگرنگیی ئەم هەنگاوەو بەباش باسکردنی هەڵبژاردنەکە کراوە، لەکاتێکدا "برێت مەکگۆرک" کە نوێنەری تایبەتیی ئەمریکایە بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، پشتگیری ئەم هەنگاوەی نەکردووە، کە لەبەغداد لەگەڵ "قاسم سلێمانی" سەرکردەی سوپای قودسی ئێرانی کۆبووەوە.

سەرچاوە سیاسییەکان لەبەغدادەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێن: بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکی وەزیران لەلایەن عادل عەبدولمەهدییەوە، ئێران پرۆژە تەواونەکراوەکانی لەعێراقدا تەواودەکات.

هەواڵەکانی نەجەف ئەوە رادەگەیەنن: هیچ بەرهەڵستییەک نییە دەربارەی دەستنیشانکردنی عەبدولمەهدی بۆ ئەو پۆستە، لەکاتێکدا مەرجەعییەتی سیستانی و موقتەدا سەدر لەوێ بوونیان هەیە.

> **هەرکەس ناوی بۆ ئەو پۆستە تۆمارکردبێت، دەبێت مەرجەعیەت پەسەندیبکات ئەوسا دەتوانێت ببێتە سەرۆکی وەزیران**

زەکی رەزا؛ کە چاودێرێکی سیاسیی عێراقییە دەڵێت: "بەشداریکردنی سیستانی لەسیاسەتی وڵاتدا شتێکی چاوەڕوانکراوە، بەکارهێنانی دین لەم کێشە سیاسییانەدا بەهەمان شێوە چاوەڕوانکراوە، لەکۆتاییدا سیستانی فریادڕەسی سیاسییەکانەو دەتوانێت جەماوەر بجوڵێنێت بۆ ئەو مەبەستەی دەیانەوێت".

رەزا دەڵێت: "لەمەیش سەیرتر ئەوەیە، کە سیستانی بیروبۆچوون و ئامۆژگارییەکانی لەبواری نیشتیمانی و نەتەوەییدا لای خەڵکی

جێگەی قبوڵە، ئەمەیش بەشێکە لەو سیاسەتەی پیادەیدەکەن".

هەروەها ناوبراو دەڵێت: "ئێمە ئەمڕۆ خۆمان سەرقاڵکردووە بەدروستکردنی حکومەتی نوێوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە یەکلاکەرەوەی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران مەرجەعیەتە، واتە: سیستانی، نەک کوتلەو ڕەوت یان حزبەکان بەشیعەو غەیری شیعەوە، هەرکەس ناوی بۆ ئەو پۆستە تۆمارکردبێت، دەبێت مەرجەعیەت پەسەندیبکات ئەوسا دەتوانێت ببێتە سەرۆکی وەزیران، ئەمەیش چوارچێوەیەکە هیچکەس ناتوانێت لێیدەربچێت بەسیاسی و دینییەکانیشەوە".

لایەنگرانی ئەمریکا لەعێراق پێیانوایە: عەبدولمەهدی کەسێکی شیاوەو واشنتۆنیش رازیدەبێت بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکی وەزیران لەلایەن ناوبراوەوە.

هەروەها دۆستانی ئەمریکا دەڵێن: ئێران پێشتر دوو جاریتر عەبدولمەهدیی کاندیدکردووە بۆ ئەو پۆستە، لەحکومەتەکانی ساڵانی (٢٠١٠ و ٢٠١٤)دا، بەهۆکاری ئەوەی کە عەبدولمەهدی لەلای ئەمریکاو ئەوروپا جێگەی متمانەیە.


پێدەچێت هەر لەبەر ئەمانەبێت کە عەبدولمەهدی دیاریکراوە، ئەمەیش بریتییە لەسەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر ئێراندا لەعێراق.

چاودێرانی سیاسی دەڵێن: بەدڵنیاییەوە بارودۆخی دیاریکردنی سەرۆکی وەزیرانی نوێ، بەدورنییە لەدەستتێوەردانی ئەمریکا لەڕێکخستن و دیاریکردنی کەسەکاندا، مانای ئەوەنییە کە ئەمریکا ناتوانێت رێگە لەتەوژمی ئێرانی بگرێت لەدیاریکردنی وەرگری ئەو پۆستەدا، هەرچەندە ئێران توانی حەلبوسی بکاتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام سەرۆکی وەزیران کە پۆستێکی گرنگە لەوڵاتدا، بەدڵنیاییەوە ئەمریکا ناهێڵێت هەروا بەئاسانی بەسەریدا تێپەڕێت، چونکە ئەو پۆستە هەموو دەزگاکانی سەربازی و ئابووریی وڵاتی لەژێردەستدایە.

## دۆسییەی ئەم ژمارەیە:- ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی

- ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی چییە؟
- باڵاترین ناوەندەکانی توێژینەوەی ستراتیژیی ئەمریکایی
- کاریگەرییەکانی ناوەندی توێژینەوەی جەزیرە
- راپۆرتی ستراتیژیی: ئێران لەتێڕوانینی گشتیی جیهانی عەرەبیدا؛ بەپێی راپۆرتی پێوەرەکانی عەرەبیی ساڵی (٢٠١٨ز)





# ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی چییە؟

دانا سەعید بەرزنجی

ناوەندی توێژینەوەو دیراساتی ستراتیژی، کە ئێستا لەهەموو وڵاتێکدا هەیە، تا پەنجا ساڵ لەمەوبەر زانکۆ بەناوبانگەکان و مەڵبەندە هەواڵییەکان دایاندەمەزراند، لەوەودوا زۆر لەموخابەراتە نێودەوڵەتییەکان دایدەمەزرێنن و دەیکەنە واجیهەی خۆیان، تا ئەو زانیارییانەی لەڕێی هێنیەوە بۆی ناچن، لەڕێی ئاشکراو ئاسان و نزیکەوە بیگەنێ. لەئەمریکا زیاتر لەپەنجا ناوەندی توێژینەوەو دیراساتی ستراتیژی هەیە، کە دەبینیت سەرپەرشتیارەکانیان، یان سەرۆککۆمار بوون وەکو: (جیمی کارتەر؛ سیونۆیەمین سەرۆکی ئەمریکا بوو، کە ناوەندی کارتەری دامەزراند)، یان وەزیری دەرەوە بوون وەکو: (کۆندالیزا رایس، کە دەزگای بەربەرەکانێکانی هەزارەی

سێیەمی دامەزراند)، یان سەرۆکی موخابەرات بوون. هەروەها لەوڵاتانی رۆژئاواو ئیسرائیل و وڵاتانی تریش.. یان دەزگای سەربەخۆبوون و کاریگەریان لەسەر بڕیارە ستراتیژییەکان هەبووە.

لەلایەکی ترەوە ناوەندەکانی توێژینەوە، پێشئەوەی بەرهەمی رۆشنبیریی و هۆشیاریی و مەڵبەندی گەیاندنی زانیاریی بن، زادەی تایبەتیی شارستانیشن. ئاوێنەن؛ ئەو شتانە پێچەوانەدەکەنەوە کە جێیبایەخی سیاسەتمەداران، نەخشەوانان، هەڵکەوتەی گەلان و کەسە کاریزماکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەکانن. ئەم ناوەندانە لایەنی پێشبینیکردنن، داهاتوو _لەبەر رۆشنایی رابوردووی نزیکی واقیعەکان و سەرنجی پێشوەخت و ورد خوێندنەوەی مێژوو_ دەخوێننەوە. کارمەندانی ئەم ناوەندانە فاڵگرەوەنین، لەخۆڕا قسەناکەن، وڕێنەناکەن و خەیاڵپلاوانە شت ناچنن، سەرەنجامی خوێندنەوەیەکی زانستییانەی بابەتییانەو پڕبوونی هەگبەیان لەزانیاری، را لەسەر داهاتووی نزیک دەدەن.. ئەم دەزگایانە لەهەمان کاتدا نوێنەری کولتوری گەلان و نموونەی کەسایەتیی میللەتان و جۆری بیرکردنەوەی قیەمییانەی دەسەڵاتدارو ئاراستەوانانی کۆمەڵگەکانن. بۆیە دەبینیت بۆنموونە؛ بەسەرنجدانت لەهەر هەموو ناوەندەکانی توێژینەوە لەئەمریکا، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە هەموو دەخوازن هێزی سەربازیی ئەمریکا هەروا بەبەهێزی بمێنێتەوە. بۆیە سەرڕاستانە دیراساتی خۆیان دەخەنە بەردەست بڕیاربەدەستەکان، ئەگەرچی لەگەڵ سیاسەتیشیاندا نەبن.. هەر هەموویان لەسەر ئەوە رێکن کە فەلسەفەو بیروباوەڕو بەرنامەی سیاسی و رێسای خوێندن و ئیدارەی ئابووریی و دارشتنی دابونەریتی ئەمریکایی، بگەیەننە کۆمەڵگەی بەشەریی.. بۆیە هەتا بیریلێبکەینەوە ئەم ناوەندانە گرنگن..

سیاسەتمەدارانی وڵاتە گەورەکان پشت بەزانیاری و شیکارو پێشنیازی ئەمانە

هەبوونی ناوەندی وا کاریگەر لەسەر ئاراستەوانانی کۆمەڵگە، بەنیشانەی دامەزراوی و جێگیریی دەوڵەت و پێشکەوتنی شارستانێتی و هۆشیاریی گەلان دادەنرێ

دەبەستن بۆ پلاندانانی پێنج ساڵەی وڵاتیان، لەهەموو بوارەکانی ئیدارەی دەوڵەت و ئاراستەی کۆمەڵگەکانیان، بەو ئومێدەی کۆمەڵگەکانیان بەهۆشیارییەکی تەواوەوە دیدو هەڵوێستەکانیان قبوڵبکەن و تەبەننای ڕێبازەکانیان بکەن و بەرگریانلێبکەن.. لەم ڕوانگەوەیە کە هەبوونی ناوەندی وا کاریگەر لەسەر ئاراستەوانانی کۆمەڵگە، بەنیشانەی دامەزراوی و جێگیریی دەوڵەت و پێشکەوتنی شارستانێتی و هۆشیاریی گەلان دادەنرێ..

ئەو بایەخدانە گەورەیەی لەم چل ساڵەی دواییدا بەکردنەوەی ناوەندی ستراتیژی درا، بەتایبەتی دوای ڕمانی بلۆکی سۆشیالیستی و کرانەوەی سنووری وڵاتە نوێیە سەربەخۆکانی سۆڤیەتی کۆن، بەڕووی سیاسەت و سەرمایەو قیەمی ڕۆژئاوای سەرکەوتوودا، وایکرد سەدان ناوەند بکرێنەوەو بودجەی تەواویان بۆ دابنرێ، چونکە هەر هەموویان کەم تا زۆر هەر دەبوونە بەشێک لەبەرچاوڕۆشنیی سیاسەتمەداران و ئاراستەوانانی گۆڕانخوازانی کۆمەڵگەکان. چونکە هەموویان بەپێی توانای بەردەستیان واقیعە نوێیەکانیان دەناساندو مژدەی گۆڕانکاریی ئەرێنییان دەدا، یان خاڵە لاوازەکانیان دەخستەڕوو هۆشداریی داهاتوویەکی سەختیان دەدا..



**بەشێوەیەکی گشتی؛ ئەرکی ناوەندەکانی توێژینەوەی ستراتیژی، بریتین لەمانەی خوارەوە:-**

١. نوسینەوەی مێژووی نزیکی ناوچە جێبایەخەکە: دەوڵەتە، حزبە، شۆڕشە، کۆمپانیایە، دیاردەیە؟ هەرچی شتێک بێت، بەشێوەیەکی وا کە ئاسان بتوانرێ ئێستای پێوە پەیوەستبکرێتەوە. بۆنموونە؛ دیراسەکردنی شۆڕشی ئەیلول لەباشووری کوردستان، هەر دەبێت بەمێژووی شۆڕشەکانی پێش خۆیەوە پەیوەستببێتەوە، تا بزانرێ کە شۆڕشی ئەیلول قۆناغێکی پێگەیشتووی بزاوتی نیشتیمانیی کوردییە. دیسان بۆ ئەوەی ئاسان واقیع و دەرچەکانی دواتری بزانرێ بە چ هۆکارانێکەوە پەیوەستدەبنەوە، بۆنموونە؛ توانەوەی شۆڕشی ئەیلول (ئاشبەتاڵ)ەکە..

٢. ناسین و ناساندنی ئەو هێزانەی بەشێوەی راستەوخۆو لاوەکی بەشدارن لەدروستکردنی واقیعەکە: بۆنموونە؛ لەتوێژینەوەو بەدواداچوونەوەی شۆڕشی ئەیلولدا نابێت کاریگەریی ئێرانی شا بەهەندنەگیرێ، کە بەرەیەکی ئەمریکایی گرنگ بوو بەرامبەر سۆڤییەت و کۆمۆنیستی..

٣. زانین و دڵنیابوون لەرێژەی ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاریی خەڵکی واقیعەکە: واقیعەکە گەلێکە یان شۆڕشێک، دیاردەیەکە یان کۆمپانیایەک، هەر دەبێت بزانرێ ئاخۆ ئاستی رۆشنبیریی ئەو خەڵکەی واقیعەکە پێکدەهێنن چەندە، ئەگەر ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسی و ململانێی فیکریان کەمبێت، بێگومان فریودان بەدروشمی قەبەو ئاڵووالا ئاسانتردەبێت و بەرێژەیەکی ئێجگار بەرفراوان مومارەسەدەکرێ.

٤. ناسین و ناساندنی ئاستی ئابووریی ناوچەکە: تا خەڵکەکە دەوڵەمەندتربن حەساوەتردەبن و حەزیان لەگۆڕانکاری نابێت. وەکو؛ کورد دەڵێت: چاکی مەکە با خراپنەبێت!. ئەگەر خەڵکەکە هەژارو چەوساوەبوون ئاسان دەبنە وزەی

گۆڕانکاریی؛ بەحەزی گۆڕین و خێرایی ئینتیماو زۆریی گوێڕایەڵی و ئامادەیی زیاتری قوربانیدان. وەکو؛ کوردەکانی باکورو دەربڕینی ملکەچی کوێرانەیان بۆ پەکەکە.

٥. زانین و ناساندنی ئەو هۆکارانەی واقیعە نەخوزراوەکەیان دروستکردووە: ئەمانە تا چەند ریشەیین؟ ئایا توانای گۆڕینیان ئاسانە؟ ئایا ریشەی دینی یان قەومی یان چینایەتییان زۆر رۆچووە؟ تا بزانیت بە چ دیدورێیەک رووبەڕوویدەبیتەوە.. ئێران لەرۆژهەڵاتدا ناوێرێ خەڵکی بکات بەشیعە، بەڵام سۆفیگەرێتی هاندەدات، مەلاکان دەگرێت.. کەوابوو لەبەرامبەریدا دەبێت ئەم دوو چینە کاریگەرەی لێبسەنیتەوە، دەنا ئەو دەیانکات بەگژ تۆداو دەیشتوانێت..

٦. دوای دەستنیشانکردنی واقیعەکەو پەیوەستکردنی بەمێژووی نزیکی واقیعەوانەکان و دیاریکردنی ئەو هۆکارە سەرەکییە سلبییانەی واقیعەکەیان دروستکردووە: ئەرکی سەرەکیی ناوەندەکەیە پێشنیازبکات و چارەسەرەکە روونبکاتەوە.

دەبێت ئامرازی جێبەجێکردنی پلانەکان دیاریبکرێ و کەسانی شیاویان بۆ پێشنیازبکرێن، دەنا کابرای سیاسی ناتوانێت خۆی وزە کەناردراوو شاراوەکانی ناو کۆمەڵگە بدۆزێتەوە.

چارەسەرەکەیش دەبێت چەند سیفەتێکی تێدا بێت. وەک؛

أ. نابێت خەیاڵی بێت: دەبێت پشتئەستووربێت بەزانیاریی گشتگیرو ئاماری رەسمی و ریپۆرتاژی مەیدانی و بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز بۆ واقیعەکە، بۆ هۆکاری پەیدابوون و رێگەکانی چارەسەرکردنی.

ب. نابێت لەوزەی بەردەست زیاتربێت دەنا کەس شانی ناداتەبەر.

ج. دەبێت چەند بژاردەیەک بخرێتەبەردەست وەکو پلانی یەکەم بۆ

چارەسەر، ئەگەر زەحمەتبوو، پلانی دووەم بەدیلبێت، ئەگەر ئەویش سەرینەگرت، پلانی سێیەم.. هەریەک لەم دوو پلانەی دواتر، دەبێت ئاسانترین لەپلانی یەکەم..

٧. دەبێت ئالییەتی جێبەجێکردنی پلانەکان دیاریبکرێن: دەبێت کەسانی شیاویان بۆ پێشنیازبکرێ، دەنا کابرای سیاسی ناتوانێت خۆی وزە کەناردراوو شاراوەکانی ناو کۆمەڵگە بدۆزێتەوە. بۆیە دەبینیت لەراپۆرتی ناوەندە ستراتیژییەکانی دەوڵەتاندا، تەنانەت پێشنیازی ناوی کەسەکان دەکەن، بۆنموونە؛ دەڵێن: ئەگەر لەحکومەتی داهاتوودا فلان کەس بکرێ بەوەزیری دارایی سەرکەوتوودەبێت، چونکە ئیدارەی کۆمپانیای فلانی بەسەرکەوتوویی گەیاندە لوتکە.

٨. دەبێت بودجەیەکی واقیعییانە بۆ پلانەکان دیاریبکرێ _ئاستی خوارو کەمی پارەی پێویستیت_ دەنا یەکسەر دەوترێ: ئەمە نەخشەیەکی گشتگیرە، بەڵام حەیفێ پارەنییە بۆ راپەڕاندنی.. جا کەوابوو سوودی نووسینی چییە؟.

## باڵاترین ناوەندەکانی توێژینەوەی ستر اتیژیی ئەمریکایی

ئەمانەیش باڵاترین (١٠) ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژیی ئەمریکایین، بەپێی ئاستی کاریگەریان:

١. پەیمانگەی برۆکینگز: ساڵی (١٩١٦ز) دامەزرێنراوە، یەکەمینە لەهەموو جیهانداو حکومی نییە، یەکەمینە لەکاریگەرێتیدا لەسەر زۆرینەی سیاسەتمەدارانی ئەمریکایی، لەهەردوو حزبی کۆماری و دیموکراسی، بەڵام چونکە ئاڕاستەی گشتییان لیبراڵییە لەحزبی دیموکراتییەوە نزیکترن. ساڵی (٢٠٠٨ز) لقێکی لەدەوحەی پایتەختی قەتەر کردووە، کە ئێستا لێکۆڵینەوەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەمینە موسوڵمانەکانی جیهان دەنوسێت.

٢. دەزگای کارنیگیی ئاشتیی نێودەوڵەتیی: ساڵی (١٩١٠ز) دامەزرێنراوە، دەزگایەکی

سەربەخۆیە، بەڵام کاریگەریی سەرەکی لەسەر وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە، لەساڵی (٢٠٠٢ز)یەوە دیدوڕای خۆی دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاودەکاتەوە، وەکو خۆیان دەڵێن: بۆ زیاتر تێگەیشتن لەڕووداوە کاریگەرەکانی ناوچەکە، بەئومێدی هاریکاریکردنیان بۆ پێشخستنی سیاسی بەتایبەتی لەوڵاتانی عەرەبیدا.

٣. ناوەندی دیراساتی ستراتیژی و نێودەوڵەتیی: ساڵی (١٩٦٢ز) دامەزرێنراوە، بایەخدانی زۆری بەلایەنی ئەمنییەتی نێودەوڵەتییە، راپۆرتەکانی دەربارەی ئابوری و تەکنۆلۆجیاو وزەن بەشێوەی گشتی، بەبازرگانیی نێودەوڵەتیش بەتایبەتی.. بۆیە دیراساتیان زۆر گرنگ و جێیبایەخی سیاسەتمەدارانی ئەمریکایە.

٤. دەزگای راند: ساڵی (١٩٤٨ز) دامەزرێنراوە. راند؛ کورتکراوەی سێ وشەیە: ( Research ANd Development) لەسەرەتاوە بودجەکەی پشتی بەپارەی هێزی سەربازیی ئاسمانیی ئەمریکایی بەستبوو، پاشتر کۆمپانیای بەناوبانگی فۆرد، بودجەی تەواوی بۆ دابینکرد، تا لەسوپای ئەمریکایی دووربکەوێتەوەو وەکو دەزگایەکی سەربەخۆی مەدەنی دەرکەوێت.. نۆ لقی لەجیهاندا هەیەو یەکێکیان لەقەتەرە.

٥. ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە: ساڵی (١٩٢١ز) دامەزرێنراوە، یەکێکە لەهەرە دەزگا کاریگەرەکان لەبزاوت و هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو دەوڵەتانی تر. سەر بەهیچ کام لەحزبی کۆماری یان دیموکراتییەکان نییە.

٦. ناوەندی نێودەوڵەتیی ۆدرۆ وێلسۆن بۆ توێژینەوە: ساڵی (١٩٦٨ز) دامەزرێنراوە، بازنەی بایەخدانی نۆ بازنەیە. لە (١٩٩٨ز)دا بازنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بازنەی کۆریای باکووری زیادکرد.

٧. ناوەندی توێژینەوەی بیۆ: لەساڵی (٢٠٠٤ز) دامەزرێنراوە، بایەخ بەبۆچوونی دانیشتوان دەدات، ئاراستەکانیان دەناسێنێت، کێشە کۆمەڵایەتی و

میدیاییەکانی ئەمریکاو جیهان بەتوێژینەوەی وردو زانیاریی تەواوەوە دەخاتەبەردەست. زۆر جێی متمانەی هاووڵاتیانە، ئامارەکانی زۆر راستن. راپۆرتی بەردەوام لەسەر رای گشتیی خەڵکی، دەربارەی ئەدای سەرۆککۆمار بۆ ئەرکەکانی سەرشانی بڵاودەکاتەوە.

٨. دەزگای کەلەپوور: ساڵی (١٩٧٣ز) دامەزرێنراوە، گەورەترین ناوەندی دیراساتی پارێزکارەکانی ئەمریکایە، لێکۆڵینەوەکانی زیاتر لەخزمەتی بەرچاوڕوونیی حزبی کۆمەرییەکاندایەو کاریگەریی گەورەی لەسەر لایەنگرانی ئەو حزبە هەیە. رۆناڵد رێگانی سەرۆکی ئەمریکا، نەخشەی سیاسەتی خۆی لەسەر راپۆرتێکی بەرفراوانی ئەم ناوەندە داڕشتبوو.

٩. پەیمانگەی کاتۆ: ساڵی (١٩٧٤ز) دامەزرێنراوە، دەزگایەکی راپرسی و شیکاری و ئاراستەوانییە، چارڵش کۆچ دایمەزراندووە، کە خانەوادەکەیان یەکێکن لەهەرە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا، پەیامی ئەمان دەڵێت: "پشتگیریی حکومەت دەکەین لە: بازاڕی سەرمایەداریی کراوە، ئازادیی تاکەکەسی، ئاشتیی نێودەوڵەتیدا".

١٠. مەڵبەندی پێشکەوتنی ئەمریکایی: ساڵی (٢٠٠٣ز) دامەزرێنراوە، هەرچەندە زۆر نوێیە، بەڵام زۆرزۆر کاریگەربوو لەهەڵبژاردنی باراک ئۆباما بەسەرۆککۆمارو لەپشتیوانیکردنیشی لەپرۆژەکانی فێرخوازی و سەرپەرشتیی تەندروستی و پشتگیریی پاراستنی ئاووهەوای سەرزەمین و ...تاد.



# کاریگەرییەکانی ناوەندی توێژینەوەی جەزیرە

مرکز الجزیرة للدراسات

و: عەبدوڵڵا گەرمیانی

بۆ ساڵی چوارەم لەسەر یەك ناوەندی دیراساتی جەزیرە بۆ توێژینەوە، پارێزگاریی لەڕیزبەندیی پێنجەمی خۆی لەنێوان گرنگترین ناوەندە هزرییە کاریگەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا کرد.

ئەلجەزیرە لەپلەی یەکەمی عەرەبی و (٥٧)ی جیهانیدایە لەڕووی پێوەرەکانی دەستپاکی و جۆرێتیی توێژینەوەدا، ناوەندەکە بەحەوت نمرە لەجارانی پێشتری لەڕیزبەندیی جیهانی پێشکەوتووتربووەو ریزبەندیی (١٤١)ی بەدەستهێناوە. ئەمەیش لەچوارچێوەی کێبڕکێیەکی ئەمساڵدایە کە (٧٨١٥) ناوەندی گرتۆتەوە، لەنێویاندا (٤٧٩) ناوەندیان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقان.

ئەم هەواڵە لەڕاپۆرتی ساڵانەی بڵاوکراوەی جیهانیی ناوەندە هزرییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هاتووە، کە لەڕۆژی سێشەمە (٢٠١٨/١/٣٠ز) لەزانکۆی پنسلڤانیای ئەمریکا دەرچووە.

ناوەندی دیراساتی جەزیرە بەم ریزبەندییە، دەبێتە سێیەمی ناوەندە عەرەبییەکان و یەکەم لەسەر ئاستی ناوەندەکانی توێژینەوەی کەنداو، کە پۆلێنی شەستودووەمینی لەنێو بڵاوکراوەی جیهانیدا وەرگرتووە. جێگەی ئاماژەیە کە ناوەندە توێژینەوە تۆمارکراوەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، لەم ساڵدا

ژمارەیان زیادیکردووەو گەیشتونەتە (٤٧٩) ناوەند، دیارە بەرێژەی (٢٥%) بەراورد بەساڵی (٢٠١٦ز) زیادیانکردووە.

بڵاوکراوەی جیهانیی ناوەندەکانی توێژینەوەو خانە شارەزاکان، بەگرنگترین بڵاوکراوەی زانستی دادەنرێ لەپۆلێنکردنی ناوەندە هزرییە جیهانیەکاندا. زانکۆی پنسلڤانیای ئەمریکا لەڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کاتێک ئەنجامەکانی ڕاگەیاند، بەشێوەیەکی بابەتییانە کاریکردبوو لەسەر پۆلێنکردنی ناوەندە هزرییە جیهانی و ناوچەییەکان، کە لەسەر بنەمای سێ خولی بەربژێری و پۆلێنکردن بوو، (٤٠٠٠) کەسایەتی لەکاری هەڵبژاردنی ئەم ساڵدا بەشداریانکردووە، کە سەر بەزانکۆ و دەستەو دامەزراوە حکومی و نیمچەحکومی و سەربەخۆکانن و لەسەرانسەری شوێنە جیاوازەکانی جیهانن.

بڵاوکراوەکە لەپۆلێنکردندا پشتی بەکۆمەڵێك پێوەر بەستووە، دیارترینیان: ئاستی چۆنێتیی توێژینەوەی ناوەندەکەیە، لەو توێژینەوەو ڕاپۆرت و پەڕاوانەی کە

> ئەلجەزیرە؛ لەپلەی یەکەمی عەرەبی و (٥٧)ی جیهانیدایە لەڕووی پێوەرەکانی دەستپاکی و جۆرێتی توێژینەوەدا.

دەریکردووە، لەگەڵ ژمارەی ئەو کۆڕو کۆنگرانەی کە ناوەندەکە بەدرێژایی ساڵ بەڕێوەیبردوون. هەروەها توانای جوڵاندنی ڕای گشتی و دروستکردنی بڕیارو کاریگەریی لەنەخشەسازیی سیاسەتە گشتییەکانی ئەو وڵات و ناوچانەی کە ناوەندەکەی تێدایە.

بڵاوکراوەکە بەهەمان شێوە بایەخیداوە بەتوانای ئەو ناوەندانە لەگەیشتن بەفراوانترین چینی جەماوەر، لەڕێگەی هۆکارە جۆراوجۆرەکانی بڵاوکردنەوەوە، وەکو؛ چاپکراوەکان و بڵاوکردنەوەی ژمارەی (ڕۆژنامە)و پەخشی ڕاستەوخۆ بۆ چالاکیی توێژینەوەکانی،

> لەچوارچێوەی کێبڕکێیەکی ئەم ساڵدا، کە (٧٨١٥) ناوەندی گرتۆتەوە، _لەنێویاندا (٤٧٩)یان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا بوون_ پلەی سێیەمی عەرەبییەکان و یەکەمی ناوەندەکانی توێژینەوەی لەکەنداوا وەرگرتووە، کە پۆلێنی شەستودووەمینی لەنێو بڵاوکراوەی جیهانیدا وەرگرتووە..

سەرەڕای ناوبانگی توێژەرەوەکانی و پێکهاتەی زانستییان و ئاستی بەشدارییان وەکو شارەزاو توێژەر لەکۆڕە توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان و هۆکارەکانی راگەیاندن. لەگەڵ ئەوەیش کە ئەم ناوەندانە، لەسەربەخۆیی پیشەیی و جێگیریی داهاتە داراییەکان و توانستە کارگێڕییەکاندا سوودی لێوەردەگرن.

بوونی ناوەندی دیراساتی جەزیرە بۆ توێژینەوەکان لەکاتێکدایە، کە تەنها (١٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕیوەو پێگەی خۆیی زامنکردووە. بەدرێژایی شەش ساڵی رابردوو لەلیستی (١٠) ناوەندە یەکەمەکانی سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا بوو. لەساڵی (٢٠١٢)دا لەپێشبڕکێی نێوان (٣٢٩) ناوەنددا پلەی هەشتەمی بەدەستهێنا، پاشان لەساڵی (٢٠١٣ز)دا لەپاش فراوانبوونی بازنەی پێشبڕکێکە بۆ (٣٩٣) ناوەند، گەیشتە پلەی شەشەم. پاشان گەیشتە پلەی پێنجەم. ئەوە چوار ساڵیشە هەروا لەپلەی چوارەمدا خۆی گرتووە، هەرچەندە رکابەری زۆرتری بۆ هاتۆتە ساحەکەوە.

# ئێران لەتێڕوانینی گشتیی جیهانی عەرەبیدا؛ بەپێی راپۆرتی پێوەرەکانی عەرەبیی

## ساڵی (٢٠١٨ز)

ئا: ناوەندی تاوتوێ ستراتیژییەکانی سەرۆك کۆماری ئێران
و: سەلمانی حەسەن پوور





بسم الله الرّحمن الرّحيم

سەردێڕی ڕاپۆرت: ئێران لەتێڕوانینی گشتیی جیهانی عەرەبیدا؛ بەپێی ڕاپۆرتی پێوەرەکانی عەرەبیی ساڵی (٢٠١٨ز)

پێشەکی: ڕاپۆرتی پێوەرەکانی عەرەبیی ساڵانی (٢٠١٧ - ٢٠١٨ز) شەشەمین ڕاپۆرتە لەڕاپرسییێکی ساڵانە کە لەلایەن "ناوەندی عەرەبیی توێژینەوەو تاوتوێکانی ڕامیاری" بەڕێوەئەچێ و ئەنجامەکانی بڵاوئەبێتەوە.

ئەم ڕاپۆرتە وردەکارانە بەشێوازی ساڵانەو بەهەدەفی خستنەبەرچاوی سیمایێک لەچۆنییەتی بیروڕای جیهانی عەرەبی لەکۆمەڵە بابەتێکی: ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاریی وەکو؛ ئاراستەی ڕای گشتیی خەڵک سەبارەت بەمەوزوعاتێک وەکو؛ دیموکراسی، قییەمی هاووڵایەتی، یەکسانی، بەشداربوونی مەدەنی و سیاسی، هەروەها خستنەبەرچاوی هەڵسەنگاندنی هاووڵاتیان لەواقیعی وڵاتەکانی خۆیان و ناوچەو هەڵسەنگاندنی ئەوان لەچۆنییەتی، یان ئاستی متمانەیان بەپەیمانگە سەرەکییەکانی وڵاتی خۆیان بڵاوئەبێتەوە.

لێکۆڵینەوەی مەیدانیی ئەم ڕاپۆرتە لەمانگی دیسەمبەری (٢٠١٧ز) تا مانگی ئاوریلی (٢٠١٨ز) لەیانزە وڵاتی عەرەبی _واتە: سعودیە، کووەیت، عێراق، ئەردەن، فەلەستین، لوبنان، میسر، تونس، مەغریب و مۆریتانیا بەڕێوەچووەو زیاتر لە (١٨٨٣٠) کەسی لەم وڵاتانەدا گرتۆتەوە. ئەم ڕاپۆرتە لە [٧ بەش و ٣٦٩ لاپەڕەو زیاتر لە ٢٦٠ هێڵکاری و دەوری ٣٥ تەبڵە] لەنیوەی دووەمی مانگی گوڵانی ساڵی (١٣٩٧)ی هەتاوی بڵاوکراوەتەوە.

«ناوەندی عەرەبیی توێژینەوەو تاوتوێکانی ڕامیاری» ناوەندێکی ناسراوو چالاکە لەبواری توێژینەوەی ڕامیاری و شیکاریی واقیعی جیهانی ئیسلام، کە ناوەندی سەرەکیی چالاکییەکانی لەشاری دەوحەی وڵاتی قەتەرە، دوو نووسینگەی چالاکیشی لەلوبنان و تونسدا هەیە. ئەم ناوەندە

بەردەوام لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیدایە، کە بریتین لە: (٥) بلاڤۆکی تایبەتی، بڵاوکردنەوەی کتێبە تایبەتییەکان، بەرگە رامیارییەکان، هەروەها هەموو ساڵێک لانی کەم (٥) ئەنجومەنی ساڵانەو دەیان دانیشتنی تایبەتی بەڕێوەئەبات.

سەرۆکی ئەم ناوەندە (عەزمی بەشار)ە کە کۆمەڵناسێکی ناودارو رامیاروان و ئەندامی پێشووی کنێستی ئیسرائیلەو لەفەلەستینییەکانی ساڵی (١٩٤٨ز)یە، کە بەتۆمەتی جاسوسیکردن بۆ (حزب الله) شوێنیکەوتن. مێدیاکانی نزیک لەسعودیە پێیانوایە ئەم ناوەندە لەگەڵ ئەلجەزیرە یەکێک لەو ناوەندانەیە کە بوونەتە هۆی ناکۆکیی پەیوەندییان لەگەڵ قەتەر. لەم روانگەوە ئەتوانین بڵێین: داتاکانی ئەم راپۆرتە سەربەخۆیەو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ خێوەتگەی مێدیایی و ناوەرۆکی سعودیە نییە.

کاردانەوەی ئەم راپۆرتە _بەبێ گرنگیدان بەڕاستی و واقیعیبوونەکەی_ بەهۆی جێی متمانەبوون و نوێبوونی ئەنجامەکان و نیشاندانی سیمای وڵات لەنیگای خەڵکەکەیەوە، شایانی ئاگاداری و لێکۆڵینەوەیە. بەم بۆنەوە بەبێ دەستتێوەردان و رەخنەلێگرتنی، بەپێی دەقە سەرەکییەکەی کورتەیەک پێشکەشئەکرێ.

توێژینەوەی بیروڕای گشتی سەبارەت بەهێزە گەورەکانی جیهانی وناوچەیی:

بەشێکی گەورە لەڕاپۆرتی پارامێترەکانی عەرەبی، کۆمەڵێک پرسیاری گشتی و شیکاری ئەگرێتەبەر، کە توێژینەوەی بیروڕای گشتیی جیهانی عەرەبی لەسیاسەتەکانی هەندێک لەهێزە گەورەکانی جیهانی وهەرێمی لەم ناوچەیەدا ئەخاتەڕوو. لەم بەشەدا بەجیاوازی باس لەسیاسەتەکانی: ئەمریکا، رووسیا، فەرەنسا، چین، ئێران وتورکیا کراوە.

توێژینەوەی بیروڕای گشتی لەسیاسەتەکانی چوار وڵاتی: ئەمریکا، رووسیا، فەرەنسا و ئێران نێگەتیڤە، بەڵام لەبەرامبەردا وەزعی تورکیاو چین پۆزەتیڤترن.

١- ئەمریکا: (٧٩%)ی خەڵکەکە سیاسەتەکانی ئەمریکایان بەنێگەتیڤ، یان تا رادەیێ نێگەتیڤ زانیوە، (٦٦%)ی نێگەتیڤ، لەبەرامبەرا تەنیا (١٢%) بەپۆزەتیڤ، یان تا رادەیێک پۆزەتیڤیان زانیوە، (٣%) پۆزەتیڤ.

٢- ئێران: (٦٤%)ی نموونەکان سیاسەتە دەرەکییەکانی ئێران لەجیهانی عەرەبییان بەنێگەتیڤ، یان تا رادەیێک نێگەتیڤ زانیوە، (٤٩%) نێگەتیڤ، لەبەرامبەردا تەنیا (٢١%) بەپۆزەتیڤ، یان تا رادەیێک پۆزەتیڤیان زانیوە، (٧%) پۆزەتیڤ.

٣- رووسیا: (٥٥%) پێیانوایە: سیاسەتی رووسیا نێگەتیڤ، یان تا رادەیێک نێگەتیڤە، (٣٨%) نێگەتیڤ، (٢٦%) بەپۆزەتیڤ، یان تا رادەیێک پۆزەتیڤ لێکیانداوەتەوە، (٧%) پۆزەتیڤ.

٤- فەرەنسا: (٤٦%)ی وەڵامدەرەوەکان وتوویانە: سیاسەتی فەرەنسا نێگەتیڤ، یان تا رادەیێک نێگەتیڤە، لەبەرامبەردا (٣٧%) وتوویانە: پۆزەتیڤ، یان تا رادەیێک پۆزەتیڤە.

٥- تورکیا: توێژینەوەی (٣١%) لەو کەسانە، لەسیاسەتی دەرەکیی تورکیا نێگەتیڤ، یان تا رادەیێک نێگەتیڤ بووە، (٥٤%) بەپۆزەتیڤ، یان تا رادەیێک پۆزەتیڤیان زانیوە.

٦- چین: (٤٤%)ی وەڵامدەرەوەکان، سیاسەتی چینیان بەپۆزەتیڤ، یان تا رادەیێک پۆزەتیڤ زانیوە، (٣٢%) پێیانوابووە نێگەتیڤ، یان تا رادەیێک نێگەتیڤەو نێزیکی (٢٤%) وتوویانە: نازانن سیاسەتی چین نێگەتیڤە، یان پۆزەتیڤ.

لێکۆڵینەوەی هەڵسەنگاندنی ئەنجامی توێژینەوەی بیروڕای گشتیی بڵاوکراوە لەڕاپۆرتی (٢٠١٨ز)، لەگەڵ ئاماری

بەدەستهاتوو لەسێ راپۆرتی پێشووی بڵاوکراوە لەساڵانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦ز) ئەوە نیشانئەدات کە جگە لەئەمریکا، داوەرییەکان سەبارەت بەم وڵاتانە تا رادەیێکی کەم بەرەو باشی رۆییوە. لەلێکۆڵینەوەی چوار راپۆرتەکە سەبارەت بەئێران، توێژینەوەی نێگەتیڤ بەنیسبەت ساڵی (٢٠١٦ز) ـراپۆرتی پێشووـ تا رادەیێکی کەم بەرەو باشی رۆییوە، بەڵام هێشتا هەر لەساڵانی (٢٠١٤ و ٢٠١٥) زیاترە. سەرجەمی لێدوانە نێگەتیڤەکان سەبارەت بەئێران لە (٢٠١٨ز) دەوری (٦٤%)ە، بەڵام لە (٢٠١٦ز) دەوری (٧١%) بووە. بەڵام ساڵی [٢٠١٥ز، (٦٢%)]و لە [٢٠١٤ز، (٥٢%)] بووە. رێژەی توێژینەوەی پۆزەتیڤیش سەبارەت بەئێران لەچاو راپۆرتی پێشوودا باشتربووە کە لە [٢٠١٦ز، (١٨%)] بووە [٢٠١٨ز، (٢١%)]، بەڵام هێشتا لەرێژەی ساڵەکانی پێشوو کەمترە، کە لە [٢٠١٥ز، (٢٨%)]و لە [٢٠١٤ز دەوری (٢٧%)]ی توێژینەوەکان پۆزەتیڤبوون.

> توێژینەوەی بیروڕای گشتی لەسیاسەتەکانی چوار وڵاتی: ئەمریکا، رووسیا، فەرەنساو ئێران نێگەتیڤە، بەڵام لەبەرامبەردا وەزعی تورکیاو چین پۆزەتیڤترن.

## توێژینەوەی وردەکارانەی بیروڕای گشتی جیهانی عەرەبی، لەسیاسەتە دەرەکییەکانی ئێر اندا:

هەروەک ئاماژەیپێکرا لەگەڵ بەرەو باشی رۆیشتنێکی کەمی داتاکان لەچاو ساڵی (٢٠١٦ز)، بەڵام هێشتا زۆرینەی دەنگەکانی جیهانی عەرەبی [(٦٤%)ە بەپێی راپۆرتی پارامێترەکانی عەرەبیی (٢٠١٨ز)]،

توێژینەوەیەکی نێگەتیڤ، یان تا ڕادەیێک نێگەتیڤیان لەسیاسەتی دەرەکیی ئێران دەربڕیوە، لەبەرامبەردا تەنیا (٢١%) پێیانوابووە پۆزەتیڤ، یان تا ڕادەیێک پۆزەتیڤە. بەڵام لەوانەیە خاڵی گرنگتر ئەوەبێت کە تەنیا (٧%)ی دەنگەکان توێژینەوەیەکی پۆزەتیڤی سەلمێنراویان بووە، _بەبێ حسێبکردنی بەشی "تا ئاستێک پۆزەتیڤ"_و لەبەرامبەردا (٧) بەرامبەری ئەم ڕێژەیە واتە: (٤٨%) بەدڵنیاییەوە ڕای نێگەتیڤیان بووە _بەبێ حسێبکردنی بەشی "تا ئاستێک نێگەتیڤ"_.

سەرنجدانە سەر شێوازی بڵاوبوونەوەی دەنگە نێگەتیڤەکان، بەپێی جیاوازیی وڵاتان، زانیاریی سەرنجڕاکێش ئەخاتەبەرچاو:

ریزبەندیی ڕێژەی سەدیی دەنگەکانی بیروڕای نێگەتیڤ، لەبارەی سیاسەتی ئێران لەناوچە، بەشێوەی خوارەوەیە:

١

١. ئەردەن: (٩١%)

٢. میسر: (٨٣%)

٣. کووەیت: (٧٤%)

٤. مەغریب: (٧٠%)

٥. سودان: (٦٢%)

٦. عێراق: (٦١%)

٧. سعودیە: (٥٩%)

٨. مۆریتانیا: (٥٣%)

٩. تونس: (٥١%)

١٠. لوبنان: (٤٨%)

١١. فەلەستین: (٤٧%)یە

ریزبەندیی ڕێژەی سەدیی دەنگەکانی بیروڕای پۆزەتیڤ، لەبارەی سیاسەتی ئێران لەناوچە، بەشێوەی خوارەوەیە:

١. لوبنان: (٥١%)

٢. عێراق: (٣٤%)

٣. فەلەستین: (٣٣%)

٤. کووەیت: (٢٥%)

٥. مۆریتانیا: (٢١%)

٦. تونس: (٢١%)

٧. سودان: (٢٠%)

٨. مەغریب: (١١%)

٩. ئەردەن: (٥%)

١٠. سعودیە: (٤%)

١١. میسر: (٣%)یە.

زۆرترین ئاستی بیروڕای نێگەتیف لەساڵی (٢٠١٤ز) تا ئێستا لەئەردەن بووە. لەعێراق ئەنجامەکان فەرقێکیان لەگەڵ (٢٠١٦ز)دا نییە، لەسودان (٣%) خراپتربووە کە لە [٢٠١٦: (٦٠%)؛ ٢٠١٥: (٥٢%)؛ ٢٠١٤: (٣٥%)] بووە. لەتونس و مۆریتانیایش بارودۆخێکی وەکیەک کەوتۆتەبەرچاوو جیاوازییەک لەڕێژەی ساڵەکاندا نییە.

بەڵام لەبەرامبەردا لەکووەیت، وەزع زۆر باشتربووەو (٨٢%)ی دەنگی نێگەتیڤی ساڵی (٢٠١٦ز) بووە بە (٧٣%)و ئامارەکە بەرەو باشبوون رۆییوە ـوەزعی دەنگی نێگەتیڤی کووەیت لە [٢٠١٥: (٦٠%)و ٢٠١٤: (٤٨%)] بووە. بەرەو باشبوونێکی وەک ئەمە لەدەنگە نێگەتیڤەکانی سەبارەت بەئێران لەفەلەستین و لوبنانیش

ئەبینرێ: فەلەستین: (٥٧%) بووە لە (٢٠١٨)دا، لەبەرامبەردا (٦٩%) بووە لە (٢٠١٦)دا، ئەم رێژەیە لە [٢٠١٥: (٥٤%)]ولە [٢٠١٤ دەوری (٥١%)] بووە.

لوبنان: لە [٢٠١٦: (٦٣%)] بووە، بەڵام لە [٢٠١٥: (٦٠%)] و لە [٢٠١٤: (٥٤%)] بووە.

لەناو ئەم وڵاتانەدا سعودیە بەحاڵەتێکی تایبەت حسێبئەکرێ، توێژینەوەی نێگەتیف لەسیاسەتی ئێران لە [(٨٩%)ی ساڵی ٢٠١٦]ەوە، (٣٠%) کەمیکردووەو هاتووە بۆ (٥٩%)، ئەم رێژەیە لە [٢٠١٥ هەر (٨٩%)و لە ٢٠١٤، (٥٤%)] بووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سیمای پۆزەتیڤی سعودیە زۆرینەکردووە، بەپێچەوانەوە هاتووەتەخوارەوەو (٨%)ەوە گەیشتووەتە (٤%). بەم هۆیەوە ئەبینین کە رێژەی سەدیی "بەبێ وەڵام"، یان وەڵامی "نازانم" زۆریکردووەو لە (٥%)ەوە بەرزبووەتەوە بۆ (٣٧%).

توێژینەوە بەپێی بابەتەکان: توێژینەوەی بیروڕای گشتیی جیهانی عەرەبی، لەسیاسەتی دەرەکیی ئێراندا، بەپێی بابەتەکان، ئەوە ئەخاتەبەرچاو، کە فەرقێکی زۆر هەیە لەشێوازی سەرنجدان لەسەر ئەو بابەتانەی وا جێگەی ململانێ و ناکۆکین. لەبابەتی مەسئەلەی فەلەستین: توێژینەوەی نێگەتیف لەم سیاسەتە (٥٦%)ەو توێژینەوەی پۆزەتیف بە(٢٩%) خەمڵێنراوە. ئەم ڕێژە سەدییانە لەچاو ڕاپۆرتە پێشووەکەی ساڵی (٢٠١٦ز)دا بەرەو باشی ڕۆیشتووە؛ لەو کاتەدا توێژینەوەی نێگەتیف (٦٠%)و توێژینەوەی پۆزەتیف (٢٣%) بوو. سەبارەت بەمەوزوعی سووریا؛ توێژینەوەی نێگەتیف (٦٠%) نیشانئەدات و لەچاو (٢٠١٦)دا (٣%) چاکتربووە.

سەبارەت بەمەوزوعی عێراق؛ توێژینەوەی نێگەتیف (٦٢%) نیشانئەدات و لەچاو (٢٠١٦)دا (٦%) بەرەو باشی ڕۆیشتووە.

لەبارەی قەیرانی یەمەنەوە؛ توێژینەوەی نێگەتیف (٦٠%)ە کە نیسبەت بەساڵی (٢٠١٦ز)، (٢%) باشتربووە. ئەڵبەت توێژینەوەی پۆزەتیف سەبارەت بەقەیرانی یەمەن لە (١٧%)ی ساڵی (٢٠١٦) بۆ لە (٢٧%) لەساڵی (٢٠١٨)دا بەرزبووەتەوە.

سەرچاوەکانی هەڕەشە لەسەر باری ئەمنی و دامەزراویی ناوچە: یەکێک لەتەوەرەکانی ڕاپرسیی بیروڕای گشتیی جیهانی عەرەبی لەڕاپۆرتی پارامێترەکانی عەرەبیی (٢٠١٨/٢٠١٧)دا، پرسیار بووە سەبارەت بەکاریگەریی سیاسەتەکانی هێزەکانی جیهانی و ناوچەیی لەسەر باری ئەمنی و دامەزراویی ناوچەکە. ئەنجامی ئەم ڕاپرسییە کۆمەڵە داتاییێکی سەرنجڕاکێش ئەخاتەپێشچاو.

بەپێی ئەم داتایانە ئیسرائیل گەورەترین سەرچاوەی هەڕەشەیە لەسەر باری ئەمنی و دامەزراویی ناوچەکە بەزیاتر لە (٩٢%)ی دەنگی هاوڕاو تەنیا (٣%)ی دەنگی دژ. هەروەها ئەنجامەکان ئەوە ئەخەنە

پێشچاو، کە هەڵوێستی بیروڕای گشتیی جیهانی عەرەبی سەبارەت بەئیسرائیل لەچاو راپۆرتەکەی (٢٠١٦)دا خراپتر بووە، کە (٨٩%)یان ئیسرائیلیان بەهەڕەشە زانیوە.

لەپلەی دووەمی سەرچاوەکانی هەڕەشە لەسەر باری ئەمنیی ناوچە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەستاوەتەوە بە(٧٨%)ی دەنگی هاوڕاو تەنیا (٧%)ی دەنگی دژ. وەزعی ئەمریکایش لەبیروڕای گشتیی جیهانی عەرەبیدا خراپتربووەو (١٧%) زیادبوون ئەخاتە بەرچاو _بەپێی بەراورد لەگەڵ (٧٢%)ی هاوڕاو (١١%)ی دژلەراپۆرتی ساڵی (٢٠١٦)دا_.

سەبارەت بەئێران (٦٧%)ی وەڵامدەرەوەکان ئەو وڵاتە بەسەرچاوەیێکی هەڕەشە لەسەر باری ئەمنی و دامەزراویی ناوچە ئەزانن و (٢٢%)یش پێیانوایە هەڕەشەنییە. ئەم ئامارە لەگەڵ خراپبوونی، بەڵام لەچاو وەزعی ساڵی (٢٠١٦)دا تا رادەیێکی کەم بەرەو باشی ڕۆیشتووە؛ لەو کاتەدا دەنگی هاوڕای هەڕەشەبوونی ئێران (٧٣%)و دەنگی دژ (١٧%) بووە.

سەبارەت بەڕووسیا: ئەبینین کە وەزعەکە لەبیروڕای گشتیی جیهانی عەرەبیدا بەئاستەم بەرەو باشی رۆییوەو رێژەی ئەو کەسانەی، کە سیاسەتی رووسیا بەهەڕەشە لەسەر باری ئەمنیی ناوچە ئەزانن، (٦٩%)ی ساڵی (٢٠١٦)ەوە بۆ (٥٩%) دابەزیوەو دەنگی دژی ئەم رایەیش لە (٢٠%)ی (٢٠١٦)ەوە بۆ (٢٨%)ی (٢٠١٨) بەرزبووەتەوە.

تەنیا (٣٩%) لەبیروڕای گشتی، فەرەنسایان بەهەڕەشەیێک بۆ باری ئەمنیی جیهانی عەرەبی حسێبکردووەو لەبەرامبەردا (٤٧%) پێیانوایە کە هەڕەشەنییە. ئەمە ئەوە دەرئەخات کە وەزعی فەرەنسا لەچاو (٢٠١٦)دا باشتربووە _لەساڵی (٢٠١٦)دا (٥٩%) پێیانوابووە فەرەنسا هەڕەشەیەو (٣%) دژبوون.

(٢٩%)ی وەڵامدەران پێیانوایە: سیاسەتی چین هەڕەشەیەو (٥٣%) دژبوون لەبەرامبەر (٢٠١٦) کە (٣٩%) هاوڕابوون لەسەر هەڕەشەبوونی چین و (٤٧%) دژبوون.

سەبارەت بەسیاسەتی تورکیا: (٣٤%)ی بیروڕای گشتی: بەهەڕەشەیان زانیوە بۆ دامەزراویی ناوچەو (٥٥%) دژ بەم بیرۆکەیە بوون، ئەمەیش نیشاندانی باشتربوونی وەزعی تورکیایە لەچاو (٢٠١٦)دا کە ئەو کاتە (٣٨%) هاوڕابوون لەسەر هەڕەشەبوونی و (٥٢%) دژی ئەم روانگەیە بوون.

## دەرئەنجام:

١- سیمای بەدەستهاتوو لەوەزعی ئێران؛ لای بیروڕای گشتیی خەڵکی ناوچە، زانینی زۆری تێدایەو شایانی سەرنجدانی چەندین بەرامبەرو موتاڵای چەندین توێژە، ئەویش بەبەشداربوونی پسپۆڕان و ساحێب بیران.

٢- نەبوونی سیمایێکی ڕۆشنی تێڕوانینی جیهانی عەرەبی لە: مەسائیلی ناوچە، دیمەنی کێبڕکێکانی ناوخۆیی ناوچە، بانگەشەکانی دوو بەرەی سەرەکی و کاریگەرو لەئەنجامدا جیاوازییە ناسکەکانی نێوان هەستیارییەکان، توێژینەوەکان و ئاراستەی وڵاتانی جۆراوجۆر، یەکێک لەلاوازییە گەورەکانی رامیاریی دەرەکیی دەوڵەتی ئێرانە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

> ئیسرائیل گەورەترین سەرچاوەی هەڕەشەیە لەسەر باری ئەمنی و دامەزراویی ناوچەکە بەزیاتر لە (٩٢%)ی دەنگی هاوڕاو تەنیا (٣%)ی دەنگی دژ.




سەید هاشمی ئاڵیایی

# جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لەعێراق و مەترسییە سەرەکییەکانی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئـێـران



وڵاتی ئێران بەهۆکارگەلێکی جیاوازی وەک: کەلتوری کۆن، نەتەوەیی، ئایینی، جوگرافی، ژیۆپۆلیتیکی، لەمێژووی چەند هەزار ساڵەی خۆیدا، هەمیشە هێزێکی زەبەلاحی نێونەتەوەیی بووە، کە تەواوی لایەنەکانی دەسەڵاداری جیهانی ئەمەیان لەبەرچاوبووە، ئەم وڵاتە هەم لەباری حەشیمەت و کەلتور، هەم لەباری ئابووری و چەکداری قسەی بۆ وتن هەبووەو هەیە، بۆیە ئێستایش ئەتوانن لەو خاڵە پڕ هێزانەیان _کەلتور، جوگرافیای گەورەو...تاد. بۆ خۆ رێکخستنەوە لەتاجیکستانەوە تا بەحری مدیترانە، لەقەفقازەوە تا بەحرەین، بیانهێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان_ کەڵک وەربگرن.

وڵاتی عێراق وەک گرنگترین بەش لەم حەوزەی ژیۆپۆلیتیکییەدا بەهەژماردێت، کە مەترسیی فیدراڵیزم هاوکات لەگەڵ جموجۆڵی نائاسایی لەلایەن نەیارانیانەوە، هەژموونی ئێران لەناوچەکەدا دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە دەبینین بەرەنگاری هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لەعێراق دەبن و خۆیان بۆ هەر رووداوێکی نەخوازراو ئامادەدەکەن.

سەرکردە ئێرانییەکان، سەرباری جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسییان، بەتەواوی ئاراستە جیاوازەکانیانەوە، لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی دەرەکیدا، دەبنە خاوەنی دیدێکی هاوبەش بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران. هەر دەسەڵاتێکی سیاسییش بتوانێت بەرژەوەندییەکان و پرنسیپەکانی دەوڵەت پێکەوە بگونجێنێت، ئەوە بەنیشانەی سەرکەوتن و توانای لەبەئەنجامدانی کارەکان ئەژمارئەکرێ.

١. جیابوونەوەی هەرێم بەواتای دروستبوونی خاک و دامەرزاندنی حەوشە خەڵوەتە بۆ نەیارانی ئێران (هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات) لەعومقی ئیستراتیجیکی ئەوێدا. دیارە کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیەو تا ئێستایش ئەم هەستە هەر بەردەوامە، نموونەیەکی ئاشکرا ئەوخۆشی دەربڕینەی خەڵکی رۆژهەڵات بوو لەهەر چوارپارێزگەکەی: ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام، یان کاتێک ئێران بەموشەک لەمەقەڕی حزبی دیموکراتی دا، زۆربەی شارەکانی کوردستان بەنیشانەی ناڕازیبوون مانیانگرت و ئێران ئەم شتەی زۆر پێناخۆشبوو. بۆیە دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ بەناوی کوردستان، دەبێتە مەترسییەکی هەمیشەیی بۆ سەر وڵاتەکەیان، دەتوانین بەناوی جیرانێکی موزاحیم و وابەستە بەهێزە جیهانییەکان ناویبووەین، کە بەشی زۆری هێزی ئەمنیی

ئێران دەبێت بۆ ئەم هەرێمە تەرخانبکرێ. بۆیە کوردستانێکی هاوڕا لەگەڵ کەرکوکدا دەبێتە مەترسییەکی هەتاهەتایی بۆ سەر ئەمنی قەومیی ئەوان، وەک وڵاتێکی لاواز کە ناتوانێت سنوورەکانی خۆی و دەستوەردانەکانی ئیسرائیل و ئامریکا سنورداربکات. لێرەدا دەتوانین وڵاتی ئازەربایجان، وەک نموونەی کوردستان ناوبهێنین کە هەمیشە بۆ سەر ئەمنی قەومییان مەترسیداربووە، هاوکات جموجۆڵی ئاسایی وڵاتانێکی دوژمنکاریان لەوێ ئاساییە، بۆیە نابێت ئازەربایجانێکی دیکە دروستببێت.

٢. دەوڵەتانێکی تازە دروستکراو کە نە ئاسایش و نە ئابوورییەکی چاکیان هەیە، بۆ رازیکردنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەسەرکردایەتیی رۆژئاواو لەسەرووی ئەوانیشەوە ئامریکایە، بۆیە وڵاتی کوردستان بۆ سەقامگیرکردنی خۆی دەست بەهەر کارێک ئەدات، بۆنموونە؛ کردنی بەبنکەی کۆنترۆڵکردن و

> دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەناوی کوردستان، دەبێتە مەترسییەکی هەمیشەیی بۆ سەر ئێران.

ئاگاداربوونی کارە (نیزامی، ئابووری و...تاد.)ی ئێران، وەکو ئێستای ئازەربایجان کە بووەتە هێلانەی جاسوسی لەدژی ئێران.

٣. بەدروستبوونی ئەم وڵاتە، سەقامگیرییەکی باش بۆ هێزانێکی وەک؛ تەنزیمی دەولەو هاوشێوەکانی لەکوردستان دروستدەبێت، کە ئەم

**هێزانە لەکوردستانەدا بەسێ شێوە سەرهەڵدەدەن: سۆمالیزم، بەعسیزم و تاڵیبانیزم.**

یەکێک لەخاڵە هەرە مەترسیدارەکان بۆ لاوازکردنی دەوڵەتانی شیعە لەعێراق و سووریادا، جیابوونەوەی کەرکوک و هەرێمی کوردستانە لەعێراق.

**سۆمالیزم: یانی بوون بەبەهەشتی چەکدارانی جیهانی لەنەبوونی حکومەتێکی بەهێزدا، کە سنوورێکی زۆری لەگەڵ ئێراندا هەیە. ئەمەیش مەترسییەکی زۆر روونە، چونکە ئێستا هەموو جیهان لەترسی بوونی چەکدارانی سۆماڵی ناتوانن نەفەسێکی راحەت بکێشن، کەواتە: ئێرانیش لەترسی تەنزیمی دەولەو هاوشێوەکانی، خەونێکی ئاسودەی نابیت. یان شێوازەکانی دیکەی ئەم مەترسییە، بوون بەبەعسیزم و تاڵیبانگەرییە لەنێو ئەم هێزە چەکدارانەدا.. ئێران ئەم نموونانەی دیوە وەک:** ئەو کاتەی سەددام یان تاڵیبان جیرانی بوون، کە دوژمنە سەرەکییەکانی بوون، بۆیە نابێت رێگەبدات، چونکە ئێران لەگەڵ سەددام (٨) ساڵی تەواو شەڕیانکردو لەگەڵ تاڵیبانیش تا ئاستێکی زۆر خراپ رۆیشتن، کە ئێران هێزەکانی خۆی بردە سەر سنووری ئەفغانستان.

٤. لاوازکردنی دەوڵەتانی شیعە لەعێراق و سووریادا، یەکێکە لەخاڵە هەرە مەترسیدارەکانی جیابوونەوەی کەرکوک و هەرێمی کوردستان لەعێراق، کە ئەمە لەبەرژەوندیی وڵاتانێکی دوژمنی ئێران وەکو؛ ئامریکاو ئیسرائیلە. لەحاڵەتی جیابوونەوەی ئەم هەرێمە لەعێراق، گرفتێکی زۆری لاوازیی هاوپەیمانە شیعەکانیان پێشدێت.

٥. لەکۆتاییدا ئەوە دەزانین کە لەتلەتبوونی عێراق، بەهێزبوونی دوژمنی ئیستراتیجیکی ئێران _ئیسرائیل_ی بەدواوەیەو یەکێک لەئامانجەکانی، زیاتر لاوازکردن و پارچەپارچەکردنی ئەو وڵاتانەیە.



# لەزیندان

## هەوڵدەدەن بتڕوخێنن، پێویستە خۆڕاگربیت

ن: ئیبراهیم هیلال

و: پێشەوا کوردی

ئاشکرایە لەڕووی دەروونییەوە؛ لێکۆڵەران لەژێر فشاری: دەروونی، عەقڵی و جەستەیی بەردەوامدا _لەژوورەکانی لێکۆڵینەوەدا_ هەوڵدەدەن زیندانیکراو بڕوخێنن، تا بەداڕووخانی بنەماو ڕەسەنێتیی کەسایەتییەکەی، بگاتە قۆناغی درکاندنی ئەو زانیارییانەی لەلایەتی، یان ئەوەی کە لێکۆڵەر لێیدەوێت، ئەمەیش کرۆکی مەبەست لەزیندانیکردنییەتی.

هەموو ئەوەی دەرهەق زیندانییەکە دەکرێ، لەئەشکەنجەو سووکایەتیپێکردنی لەناو زینداندا، بۆئەوەیە قەناعەت بەو شتانە بکات کە لێکۆڵەرەکە دەیڵێت، پاشان بەئارەزووی خۆی واژۆبکات لەسەر تاوانگەلێك کە ئەنجامینەداون.

لێکۆڵەرەکە چەندین شێواز دەگرێتەبەر بۆ گەیشتن بەقۆناغی دانپێدانان و بەدەستهێنانی ئەنجام. لەپێش گەیشتنی زیندانییەکە بەدەستپێکی لێپرسینەوە، سووکایەتیپێکردنی و لێدانی بەدەست و بەقەمچی دەستپێدەکات، بۆئەوەی لەسەرەتاوە ئیرادەی بڕوخێنن. زیندانییەکە بەتەنهایە، هیچ شتێکی جگە لەئیرادەی خۆی پێنییە، جەستەی زەلیلەو لەبەردەستیاندایە، ئەگەر ئیرادەی خۆڕاگرانەی نەبێت و سەرنەکەوێت، جەنگەکە دەدۆڕێنێت.

قۆناغی لێکۆڵینەوە دەستپێدەکات؛ کاتێك زیندانییەکە دەبەسترێتەوە بەکەلەپچە لەکاتی دەستبەسەرکردنیدا، هەردوو دەستی لەپشتەوە، هەردوو چاوی دەبەسترێتەوە بەشێوەیەك کە هیچ شتێك نەبینێت، پاشان دەهێنرێتە ژێر لێشاوێك لەلێدان و جنێوو سووکایەتیپێکردن بۆ لقی ئاسایش، لەوێ هەرچییەکی هەبێت لە: کاغەز، پارە، سەعاتی

دەست، ناسنامەو ڕەگەزنامە رادەستیدەکات، لەدواییدا دەگوێزرێتەوە بۆ زیندانەکەی لەڕێگەی سەربازێکی تایبەتەوە بۆ ژێرخانەکانی لێکۆڵینەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە ئەشکەنجەدانی تێدا دەستپێدەکات.

زیندانییەکە چەند هەفتەیەك، یان چەند مانگێك لەبارودۆخی لێکۆڵینەوەدا لەگرتووخانەیەک بەشێوەیەکی کاتیی دەمێنێتەوە. لەو ماوەیەدا تینوفشارێکی زۆر لەسەر دڵ و دەروون و هەستی درووستدەکەن. لێکۆڵەرەکان هەموو بەیانیانێك ئامادەدەبن، لەگەڵ ئامادەبوونی ئەواندا دەرگاکان دەکرێنەوەو دادەخرێن، لەدەرگای ئەمیش دەدەن و بەتوندی دەیکەنەوە، سەربازێکی مۆنی زیندان دەردەکەوێت، لەپشتی دەرگاکەوە داواکراوەکە بانگدەکات بۆ لێکۆڵینەوە، لەناو خودی ژوورەکانی لێکۆڵینەوەیشدا بارودۆخەکە بارگاویدەکەن بەچاوەڕوانی و ترسان، هەموو ساتێکی ئەو کاتەدا زیندانییەکە وا هەستدەکات کە ئێستانا ئێستا بانگیدەکەن، ئەمە مێشکی ماندوودەکات و تووشی زیادبوونی تینوفشاری خوێن دەبێت لەسەر دەمارەکانی.

رۆژنامەنووس ئەحمەد رائیف _کە لەگەڵ خەڵکانێکی زۆری ئیخوان موسیلمین، لەکاتی دەسەڵاتی جەمال عەبدوناسردا دەستگیرکرا_ دەیگێڕێتەوە: "کاتێك بۆ یەکەمجار خرامە ژووری لێکۆڵینەوە، چاوم بەسێ کەس لەهاوڕێکانم کەوت، کە بەتەواویی رووتکرابوونەوە، یەکەمجار نەمناسینەوە، جەستەیان خوێنی لێدەچۆڕا، قاچەکانیان بەچڵك و کێم و خوێن هەڵئاوسابوون، لەژێر کاریگەریی ئەو دیمەنە ترسناکەدا بووم، لەپێش چاوی مندا کەوتنە زلەلێدان و سوکایەتیپێکردنیان".

رائیف باسی گفتوگۆی خۆی لەگەڵ ئەفسەرە لێکۆڵەرەکە دەکات و دەڵێت:

+ لێپرسیم: بۆچی بێدەنگیت؟

- وتم: نازانم چی بڵێم.

+ بەدەنگێکی ترسناك پێیوتم: بەڵام دەبێت قسەبکەیت، ئەگینا چارەنووست خراپدەبێت، باشە، ڕێکەوتین؟

- لەسەرچی؟

+ لەسەرئەوەی کە بڵێیت: من ئەندامێکم لەڕێکخراوی ئیخوان و یەکێکم لەبەرپرسانی ڕێکخراوەکە، دانپێدانانێك بەم شێوەیە دەنووسیت، وانییە؟

- وتم: بەمەرجێك رزگارمببێت لەلێدان.

+ باشە، ڕێکەوتین، ئاوا لەزیندان رزگارتدەبێت، ها،ئێستا چی دەنووسیت؟

- وتم: دەنووسم، من ئەندامێکم لەڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین.

+ وتی: بەڵام ئیتر زانیاریمان دەدەیتێ لەسەر ڕێکخراوی ئیخوان و بەرپرسی ڕێکخراوەکە؟

- وتم: قوربان، ئەفسەری بەڕێز مەحاڵە شتی وا بکەم، یەك وشە زیاتر نانووسم لەو رستەیەی کە پێموتیت، هەرشتێکت لەدەستدێت بیکە، لەوە زیاتر لەتوانامدا نییە، باوەڕمپێبکە.

لەوەودوا سزای توندو ناڕەحەتی و قسەی ناشیرین و نەگبەتی دەوریدام، یەکەم رەفتاری سزادان لەگرتووخانەی (ئەبو زەعبەل) کە پشتیپێدەبەستن لەسزادانی نەفسی و رۆحی: رووتکردنەوەی زیندانییەکەیە، هەموو جلوبەرگەکانی لەبەر دادەماڵن، ئاوا مرۆڤ لەپێشچاوو نەفسی خۆیدا ڕێزو قورسایی نامێنێت. پاشان سوکایەتییەکی زۆری پێدەکەن، کە ناخی بەتەواوی دەهەژێنێت، لەدوای ئەوە: لێدانی بەهێز، داخکردن، برسی و تینووکردنی دەستپێدەکات.

ئاوا هەر لەسەرەتاوە بۆت دەردەکەوێت کە: لێکۆڵینەوە دەستەواژەیەکە لەجەنگێکی نابەرابەری مشتومڕو ڕێکەوتن. لێکۆڵەر هەموو ئەوانە بەکاردەهێنێت کە لەجەنگدا رێگەپێدراون، لەخووی خراپ، فێڵکردن، هەروەها بەبەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی جەنگی دەروونی، فشار لەسەر زیندانییەکە

دروستدەکات، جارێك بەترسان و سزادان، جارێک بەخۆشی و هێمنی، بۆ ئەوەی زیندانییەکە ئەو زانیاریانەی لەلایەتی بیدرکێنێت".

**شێوازەکانی لێکۆڵینەوە:**

- "جارێکیان یەکێك لەئەفسەرەکان کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکردم، بۆ سەعاتێك دەستی لەسزادانم هەڵگرت، کەچی دوایی وتی:

+ ها تۆ وا دەبینیت کە جۆری لێکۆڵینەوەکە ئەمریکییە، لەکاتێکدا کە هەموو نوسینگەکان بەڕێگەی رووسی کاردەکەن! _پێیانوابوو ئەگەر بۆ ماوەیەك دەست لەسزادانمان هەڵگرن، ئەوا لێکۆڵینەوەی ئەمریکییە، لەکاتێکدا ڕێگەکەی خۆیان وەسفدەکرد بەڕووسی_.

لەڕاستیدا ڕێگەکەیان لەرۆژهەڵات و رۆژئاوادا هاوشێوەی نەبوو، لەسوکایەتیکردن و توندوتیژی و سەختیدا".

ئەحمە رائیف؛ لەباسی وێناکردنی ڕێگەکانی لێکۆڵینەوەی زینداندا دەڵێت: "ئەو شێوازە داڕێژراوە نەگۆڕەیە، کە لێکۆڵەر بەکاریدەهێنێت بۆ گەیشتن بەمەبەستەکەی. لێکۆڵینەوەکە خۆی لەنێوانی فشاری دەروونی و عەقڵی و جەستەیی بەردەوامدا دەبینێتەوە، تا بەداڕووخاندنی بنەماو ڕەسەنێتیی کەسایەتی زیندانییەکە، بگاتە قۆناغی درکاندنی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەتی، یان ئەوەی کە لێکۆڵەر لێیدەوێت".

سەبارەت بەلێکۆڵینەوەکان، حەتمەن بۆ گەیشتن بەئامانجی لێکۆڵەرەکە، گۆڕانکاری بەسەر چۆنێتیی و شێوازەکانیدا دێت، لێکۆڵەرەکە هەندێک جار یەك شێواز بەکاردەهێنێت، هەندێک جاریتر پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی چەندین شێوازی جۆراوجۆر، بەپێی تێگەیشتنی ورەو حاڵی دەروونیی زیندانییەکە. لێکۆڵەر هەوڵی ئەوە دەدات بەخاڵی لاوازیی زیندانییەکە بگات، پێش دەستکردنی بەلێکۆڵینەوە، پاشان لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا شێوازی گونجاو لەدژیی بەکاردەهێنێت. جا ئەگەر سەرکەوتووبوو، ئەوا ئامانجەکەی خۆی بەدەستدەهێنێت،

ئەگەر سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، ئەوا بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی شێوازی تر دەگرێتەبەر.

ئەو شێوازانە چین؟

**یەکەم- شێوازی لێکۆڵینەوەی گریمانەیی:**

لێکۆڵەر ئەم شێوازە بەکاردەهێنێت لەکاتێکدا خاوەنی زانیارییەکی درووستنییە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، یان ئەو تۆمەتەی کە دراوەتەپاڵ زیندانییەکە، تەنها بەهۆکاری پێشبینیی نابەرجەستەو نادروستەوە گومانی لەزیندانییەکە هەیە، لەو کاتەداو بەو شێوازانە دەیەوێت زانیاریی زیاتری دەستبکەوێت، ئەگەرچی زانیاریی سروشتی و گشتییش بێت، بەڵام لەو بازنە زانیارییەدا بیت کە لەڕێگەی جاسوس و زیندانییە بەکرێگیراوەکانی خۆیانەوە، یان لەڕێگەی ئیعتیرافی تری هاوشێوەی ئەم زیندانییەوە بێت. پاشان لێکۆڵەر ئیعتیماددەکاتە سەر کۆمەڵێک زانیاریی دیاریکراو.

لێکۆڵەرەکە وێنەیەکی گریمانەیی لەبۆچوونی خۆیدا دەکێشێت، لەڕێگەی چەند زانیارییەکی پەرشوبڵاوەوە کە هەر گریمانەیی بوون بەدەستیهێناون و دەیەوێت هەموویان کۆبکاتەوەو لەسەر زیندانییەکەی بچەسپێنێت، بۆیە دەکەوێتە پرسیاری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەکەسایەتی و لایەنداریی زیندانییەکە.

بەم شێوەیە لێکۆڵەرەکە لەپرسیارێکەوە دەچێت بۆ پرسیارێکی تر، لەوەڵامێکەوە بۆ یەکێکی تر، بۆ زیاتر روونکردنەوەی وێناکە.

لێکۆڵینەوەی رێگەی گریمانەیی؛ سەرئەنجامی یارییەکی فێڵاویی هەڵخەڵاتاندن، خۆڵادان و تێکدانی شتەکانە، کە بەشێوەیەکی جوان رێکخراوە، وەکو ئەوەی لەسەر بنچینەی زانینی هەموو شتێك دەربارەی زیندانییەکە داڕێژرابێت. بۆیە لێرەدا تواناو زیرەکیی زیندانییەکەو تێگەیشتنی لەو یارییە رۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت، بەڵام ئەگەر زیندانییەکە ئەوەی لا دروستبێت، کە لێکۆڵەرەکە هەموو شتێك دەربارەی ئەو دەزانێت، ئەوا هەر لەخۆیەوە دەکەوێتە دانپێدانانی هەموو شتێك و ئیسپاتکردنی

هەموو تۆمەتەکان لەسەر خۆی، بەمەیش زیاتر دووچاری: سزادان، زیندانیکردن، هەڵخلیسکان، دانپێدانانی تریش دەبێتەوە.

گرنگترین خاڵ لەشێوازی لێکۆڵینەوەی گریمانەیی، بریتییە لە: دروستکردنی گومان لەلای زیندانییەکەو کارکردن لەسەر بێمتمانەیی بەرامبەر بەهاوڕێکانی، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم زانیارییانە بۆ ئەوەی وا گومانببات، کە هاوڕێکانی ئەمیان بەدەزگای ئاسایش فرۆشتووە.

لێکۆڵەر زیندانییەکە نوقمی لێشاوی پرسیارو زانیاریی ورد دەکات، داوایلێدەکات وەڵامەکانی چەند جارێك دووبارەبکاتەوە، بۆئەوەی ئاگای لەخۆی نەمێنێت و شتێك لەزمانی دەربچێت، بەڵام ئەگەر زیندانییەکە خۆی دوورخستەوە لەتێکچوون و دانیبەخۆیداگرت، ئەو کاتە گومانی لێکۆڵەرەکە لەناودەچێت و تیرەکانی ئەملاوئەولادەکەن. بۆ ئەوەی وابزانێت کە لەگەڵ تۆمەتباری بەهەڵە زیندانیکراودا دانیشتووەو لێکۆڵینەوە دەکات، پێدەچێت لێکۆڵینەوەکەی خۆی تەواوبکات بەپرسینی بابەتێکی گشتی، یان بڕیاربدات بچێت بۆ شێوازێکی تر.

**دووەم- شێوازی داپۆشینی جەستەی زیندانییەکە:** لێکۆڵەر زیندانییەکە بەکیسە قوماشێکی رەش، کە رێگەنادات هیچ رووناکییەك بچێتە ژوورەوە، دادەپۆشێت، ئاوا زیندانییەکە _لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا_ هەستی خۆی بەرامبەر بەکات لەدەستدەدات، لەکاتێکی ناوخۆیی خۆیدا دەژی، بەشێوەیەك چەند خولەکێکی بەکاتژمێرێك لێدەڕوات، لەو کاتەدا هەموو هەستەکانی لەکاردەکەون، هەستی بیستنی زیاتردەبێت، زۆرتر گوێ بۆ دەنگی هاوار، سزاو دەرگا ئاسنینەکان شلتردەکات، دەنگی: لێدان، هەڕەشە، ئاهەڵکێشان و دەنگەدەنگی سزادراوو ماندووبووان دەبیستێت، بەئەنقەست وایلێدەکەن ببیستێت.. زیندانییەکە هەست بەدابڕانێك و جیابوونەوەیەکی ترسناك لەجیهان دەکات، پاشان ناوبەناو دەیدەنەوە بەر زللەو شەق. ئیتر بەردەوام لەبیری ئەوەدا دەبێت کەی

زللەو شەق داهاتووی بۆ دێت و بەری دەکەوێتەوە، بۆیە دڵەڕاوکێی زیاددەکات. لەگەڵ کاتدا زیندانییەکە هەست بەخنکان و تەنگەنەفەسی و سینەتووندبوون دەکات.. لەوانەیە داپۆشینی سەروچاوی بەردەوامبێت بۆ چەند رۆژێك، یان چەند هەفتەیەك.

دوای ماوەیەك، ئەگەر زیندانییەکە نەجوڵێت و خۆڕاگرنەبێت، بۆ ئەوەی ئەم سزایەی لەسەر لابچێت و ببینێت، یان نەفەسبدات، ئەوا دەڕوخێت، لەدواییدا بەو مەبەستەی لەو حاڵەتە رزگاریببێت، دان بەهەموو ئەوانەدا دەنێت، کە لێکۆڵەرەکە دەیەوێت. لێرەدا لەڕووی دەروونییەوە: دانبەخۆداگرتن، بەرگری، هەوڵدان بۆ جوڵاندنی کیسەکە، یارمەتی زیندانییەکە بۆ خۆڕاگری و ئارامگرتن دەدات.

**سێیەم- گومان دروستکردن:** لەم شێوازەدا لێکۆڵەر فێڵێکی دەروونی تر دەکات، پشت بەچەند زانیارییەکی ئاراستەکراو دەبەستێت، وا دەرئەکەون کە راست و مەنتیقین، چەند پێشەکییەکی هەڵە دروستدەکات بۆ گەیشتن بەچەند ئامانجێکی هەڵە، مەبەستیشی گومان دروستکردنە بۆ زیندانییەکە لە: خودی خۆی، هاوڕێکانی، دۆسیەکەی و بیروباوەڕی! پاشان لێکۆڵەرەکە تواناکانی خۆی و دەزگای ئاسایش بەگەورەو گرنگ وا نیشاندەدات، گومانێکیشی بۆ ئەوە بچێت کە ئەوان لەسەر حەقن، بۆیە هەمیشە سەردەکەون، ئەگەر زیندانییەکان لەسەر حەق بوونایە سەردەکەوتن! ئەم گیراوانە هەڵەن، کە گومانی وا دەبەن دەتوانن جیهان بگۆڕن. ئەمانە تەنها ئازار بەخۆیان، خێزان، خزم و کەسوکاریان دەگەیەنن، داهاتوویشیان لەناودەبەن، ئەم قوربانیدانە بێسوودەو هیچ شتێك پێش و دوا ناخات.

ئینجا کابرای ئەفسەری لێکۆڵینەوە، هەوڵدەدات قەناعەت لای زیندانییەکە درووستبکات، کە گوایە دەزگای ئاسایش دەستی درێژەو دەگاتە هەموو شوێنێك، هەموو شتێك دەزانێت و راپۆرتیان لەسەر هەموو شتێك پێدەگات، کە وابوو ئەمە هەلێکە بۆ دانپێدانان و پەشیمانبوونەوە،

نکوڵیکردنیش هیچ سوودێکی نییە.. لێکۆڵەریش زوو زوو پێیدەڵێت: هەموو هاوڕێکانت دانیانپێداناوە، لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا کۆتاییهاتووە، ئاسایش هەموو شتێك دەزانێت، بەڵام دانپێدانانەکەت سوودی بۆ خۆت هەیە، چونکە پێدەچێت لەسزاکەت کەمبکاتەوە. پاشان لێکۆڵەر بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێت کە گوایە هەموو شتێك دەزانێت، چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە روویداوە، دواتر بەشانۆییەك کە دروستکراوە لەگەڵ کۆمەڵێك گیراودا، لەجێگەیەکی خۆشدا فریویدەدات، بەم شێوەیە زیندانییەکە فریودەدرێ و دەیرِوخێنن، تا ددان بەهەموو شتێکدا بنێت.

شێوازی گومان دروستکردن؛ جۆرێکە لەیارییەکی فریودان، لێکۆڵەر کەسێکی زیرەکی ژیرەو دەیەوێت لەو کاتەدا چەند بەشێکی بچووکی راستی کۆبکاتەوە، تا درۆیەکی راستی دروستبکات، بۆ ئەوەی زیندانییەکە فریوبدات و کەسایەتییەکەی بهەژێنێت، ئیتر ئاوا تا لێکۆڵەرەکە وەڵامی لەزیندانییەکەوە دەستبکەوێت، فێڵ، یاری، درۆو دەلەسەکانی زیاتردەکات.

**چوارەم- هێنانی خێزان و کەسوکاری زیندانیکراوەکە بۆ زیندان:** یەکێکی تر لەو شێوازانەی کە ئەفسەری لێکۆڵینەوە بەکاریدەهێنێت _ئەگەر سەرکەوتوونەبوو لەناچارکردنی زیندانییەکە بۆ دانپێدانان و روخاندنی_ هەڕەشەکردنە لێی بەهێنانی ئافرەتانی خێزانەکەی بۆ زیندان: خێزانی، کچی، خوشکی، دایکی، دەزگیرانی، هەرکەسێکی تری. ئەم بابەتە خاڵی لاوازی هەموو مرۆڤێکە، ئەفسەرەکە کاریگەریی رەفتارەکە بەهەندوەردەگرێت و هەڕەشە لە: شەرەف و ناموس و کەرامەتی زیندانییەکە دەکات، زیندانییەکە بەرامبەر ئەم هەڕەشەیە بێدەسەڵاتدەبێت، دەکەوێتە نێوان دوو ناسۆریی زۆر قورسەوە: ئەوەی کە دەبێت خۆی بگرێت و ئیعتیراف لەهیچ نەکات و هەموو ئەوانە رەتبکاتەوە کە لێکۆڵەر لێیدەوێت، یان رێدان بەوەی ئافرەتانی داماوو بێگوناحی کەسوکاری بهێنرێنە بەردەستی ئەم

درندە بێشەرەفانەو تووشی دەستدرێژیی نامووس و ئەشکەنجە ببنەوە. پێیشیدەڵێن و خۆیشی دەزانێت، کە هەر لێرەو ئەمانە ناموسی چەندین ئافرەتیان لەکەدارکردووەو دەستدرێژییان کردووەتە سەریان و ئەشکەنجەیانداون، هەر لەزەمانی زەینەب غەزالی و حەمیدە قوتبەوە تاکو ئێستا.

**پێنجەم- ئەوە دەخەنە مێشکییەوە کە دەیکوژن:** ئەم شێوازە لەدوای ئەشکەنجەدانی دێت بۆنموونە؛ بەتەزووی کارەبا، یان شێوازی نارەحەت و ناشیرینتر، وەکو؛ کوژاندنەوەی جگەرە لەسەر جەستەی زیندانییەکە، دانانی پەنجەکانی لەنێوان دووتوێی دەرگای ئاسنیندا، یان کیسەیەک دەکەن بەسەریدا، کە پشیلەیەک، یان مشکێکیان تێکردووەو خێراخێرا بەپشیلەکەدا دەکێشن، پشیلەکەیش لەتاوی خۆی، سەرو دەموچاوی ئەو دەڕنێتەوەو گازیلێدەگرێت..

یان ئەوەی کە لەزیندان پێیدەڵێن: (المنفلة)؛ موەلیدەیەکی کارەبا دەهێنن کە دوو وایەری لێجیابۆتەوە، وایەرێکیان بەزەکەرییەوە دەبەستن و جەمسەرەکەی تری بەپەنجەکانی پێیەوە،

زیندانییەکە لەسەر سکی پاڵدەخرێ و هەردوو قاچ و هەردوو دەستی لەدواوە دەبەستنەوە، پاشان ئەفسەرەکە دەسکی مۆلیدەکە بادەدات تا تەوژمی کارەباکە بدات لەزیندانییەکە، سەرەتا هێزێکی وای لێدەدات کە دەیخولێنێتەوەو تەنگەنەفەسی دەکات، تا دەسکی موەلیدەکە بێنێتە خوارەوە، هێزی کارەبای زیاتر بەر زیندانییەکە دەکەوێت. ئیتر ئاوا بەردەوام کارەباکەی لێدەدەن و جارجارە بۆ حەوانەوەی دەیوەستێنن، هەرکاتێک کە هاواربکات ئیعتیرافدەکەم کارەباکەی لەسەر دەوەستێنن، بەڵام خۆیشیان دەزانن کە لەوانەیە هەر بۆ خۆ قوتارکردنی بێت، نەک بەڕاستی بیەوێت ئیعتیرافبکات..

ئینجا ئەفسەرەکە زیاتر هەڕەشەیلێدەکات بەوەی دەیکوژێت تا رزگاریبێت لێی.

خالید حەربی زیندانیکراو؛ دەیگێڕێتەوە کە لێکۆڵەرەکە وتی: "سەگی سەگباب هەر دەتکوژم، ئێستا دەتۆپیت، ئەفسەرەکە

دەکەوێتەوە زیادکردنی ڤۆڵتییەی کارەباکەو هەموو جەستەی زیندانییەکە دێتەلەرزین، لەرزینێکی بەهێز، ئیتر هەست بەتەنگەنەفەسی دەکات، هەست دەکات وا رۆح گەیشتە کونەلوتی و گەڕایەوە بۆ جەستەی شەکەتی. ئەفسەرەکە لەسەر هاوارکردنی بەردەوامدەبێت: ئا ئێستا دەمریت، ئا ئێستا دەمریت، دانیپێدابنێ.. دانیپێدابنێ.. بەزەییت بەماڵ و منداڵتدا بێتەوە.

ئەگەر زیندانییەکە سووربوو لەئینکاریکردن، ئەفسەرەکە دەوەستێت بۆ ئەوەی نەفەسێك بکێشێت و دەستبکات بەجێمی دووەم- پاشان دەڵێت: ئێمە دەمانەوێت بتکوژین، دەمانەوێت مردنەکەت نیشانبدەین. هیچ کەسێک ناتوانێت رێی کوشتنتمان لێبگرێت، دەتوانین ئێستا بتکوژین.. ژیانت لەدەستبدەیت، منداڵەکانت لەدەستبدەیت.. ئێستا دانیپێدادەنێیت، یان دەمریت؟! ئینجا دەست بەجێمێکی تری کارەبالێدان دەکاتەوە".

خالید حەربی؛ بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "بردمیان بۆ لقی ئاسایشی دەوڵەت، بۆ ماوەی چل رۆژ لێکۆڵینەوەیەکی پیسیان لەگەڵدا ئەنجامدام. داوایان لێدەکردم ئەو زانیارییانەیان پێبدەم کە دەیزانم، پاشان لەگەڵیاندا کاربکەم.. رەتمکردنەوە.. لەبەرامبەری ئەوەدا بیستوچوار کاتژمێر ئەشکەنجەیاندام، هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم، دەموت: بێگومان دەمکوژن. تەلێکیان دەخستە زەکەرمەوەو تەلێکی تریان دەخستە کۆممەوە، ئینجا توندتوند دەیانبەستمەوە. ئینجا ئەفسەرێکیان بەهەموو هێزی، خۆی هەڵدەدایە سەر پشتم، کە ئیتر هەناسەم بۆ نەدەدرا. ئەفسەرێکی تریشیان لەو حاڵەتەدا خێراخێرا پرسیاری لێدەکردم: منداڵەکانت ناویان چییە؟ کۆتا جار کەی بوو کە بینیتن؟ ئینجا هاوارکردنیان بەسەرمدا دەستیپێدەکردەوە: هەی سەگی سەگباب هەر دەتکوژین، ئا ئێستا دەمریت هەی تاوانبار، تەنانەت هەندێک جار نێوانی

من و مردن چرکەیەك دەمایەوە کە وەستانی کارەباکە بوو".

**شەشەم- گەورەکردنەوە:** ئەم شێوازە ئیعتیماددەکاتە سەر رووژاندنی لایەنی هەست و هۆشی زیندانییەکە، تا ئامرازەکانی لاشعوری بجوڵێنێت، تا وای لێبکات بەردەوام لەحاڵەتی پشێویی دەروونی، دڵەڕاوکێ و ترسدا بێت. ئەمە فێڵێکەو لەزیندانییەکەی دەکەن، تا بیخەنە حاڵەتێکی دەروونیی قورس و تووڕەبوون و هۆش لەداهاتوو نەبوونەوە، تا توانای بیرکردنەوەیەکی پارسەنگانەی نەمێنێت.. ئەمەیش بەوە دەبێت کە قەزییەکەی لێگەورەدەکەن، تۆمەتەکانی ئەوەندە گەورەدەکەن و بڕگەی یاسایی و حوکمی قورسی لەسەر باسدەکەن، تا دانپێدانانی لەلا سووکتربێت لەم سزا سەختانە، تا ئەوەی داوایدەکەن لەلای بچووکتربێت لەدژواریی ئەو تۆمەتانەو قورسیی ئەو سزا یاساییانەی بۆیان داناوە!

کە کەسێك دەگیرێ، دەخرێتە ژوورە تاریکەکانی لێکۆڵینەوەوە، شانۆگەرییەکی درووستکراوی بۆ رێکدەخەن و دەیکەنە یەکێک لەپاڵەوانەکانی.. ئەوا ئەو لەو حاڵەتە دەروونییە سەختەدایە، لێکۆڵەرێکی تر دێت و هێدییانە لێیدەپرسێت: تۆ ئەندامی فلان جەماعەتیت، باشە بەخێربێیت. بەخوا ئێوە جەماعەتێکی زۆر توندڕەون، زۆر کەللەوشک و رقنن، زۆر دڕەندەیشن لەدەستوەشاندندا، تیرۆریستن، تاوانبارن، تێکدەرن، مەترسین بۆ ئەمن و ئەمانی گەل و نیشتیمان، هەڕەسەن لەسەر هەموو مرۆڤایەتیی، بۆیە شایانی ئەوەن ریشەکێشبکرێن، هەر هەمووتان ئیبادەبکرێن، بۆیە بەخوا هەر هەمووتان دەسوتێنین، هەروەکو کە هیتلەر جولەکەکانی سەردەمی خۆیی سوتاند، بەخوا هەر هەمووتان سەردەبڕین .. ماوەیەکی زۆرە موراقەبەتان دەکەین، زۆر شتمان کەشفکردووە.. تۆیش یەکێکیت لەترسناکترینەکانتان، تۆ سەری کێشەکانیت.. تۆ چالاکترین ئەندامیانیت.. سەیری ئەو دۆسییە گەورەیە بکە، ئەمە دۆسییەی تۆیە، ئەمە تاوانەکانی تۆیە.. بەم شێوەیە

زیندانییەکە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ریزی ئەو کەسە ترسناکانەوەو ئەو سزا قورسە نەدرێت، دەکەوێتە داوەکەوەو هەموو زانیارییەکان دەربارەی راستیی ئەرک و رۆڵی خۆی ئاشکرادەکات! وا دەزانێت بەم ئیعتیرافکردنەی تۆمەتەکان لەخۆی دووردەخاتەوە.. لەولایشەوە کابرای لێکۆڵەر بەسووک سەیری ئیعتیرافەکانی دەکات و قەزییەکەی هەروا بەگەورەیی نیشاندەداتەوە، تا زانیاریی زیاتر دەربارەی خۆی بدرکێنێت..

**حەوتەم- دوژمن و هاوڕێ:** لەزینداندا مرۆڤ هەستدەکات گەمارۆدراوە، هەر هەموو دەرگاکانی ڕزگاربوون بەڕوویدا داخراوە، هیچ ڕێگەیەکی قوتاربوونی نییە، کەسێك نییە یارمەتییبدات. لێکۆڵەرەکە ئەم حاڵەی زیندانییەکە دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی فریویبدات، دەرچەیەکی بچووکی ئومێدی _وەک تەڵەیەک_ بۆ دەکاتەوە، تا بیخاتە داوەکەوەو بیڕوخێنن، تا وای لێبکەن ئیعتیرافبکات. دوو ئەفسەری لێکۆڵەرەوە رۆڵ بەسەر خۆیاندا دابەشدەکەن. یەکەمیان- خۆی وەک کەسێکی خوێنڕێژو دڵڕەقی وا نیشاندەدات، کە زۆر چێژ لەلێدان و سزادانی زیندانییەکە دەبینێت، کەسی دووەم- خۆی وەک کەسێکی چاك و نەرمونیان نیشاندەدات، بەشێوەیەك کە زۆر مرۆڤدۆستەو حەزی بەم وەزیفەیەی خۆی نییە، بەڵام جاریٚ رێی خۆقوتارکردنی نییە.. ئەم شانۆگەرییە لەکاتێکداو دوای ئەوە دەستپێدەکات کە زیندانییەکە جێی قەناعەتکردنی بڕی، یان قۆناغی هەڕەشەو لێدان و ئەشکەنجە سەرەتاییەکانی بڕیوەو بۆی روونبۆتەوە: کە ئەگەر ئاوا بدرێتە دادگا سزاکەی زۆر قورستردەبێت.. لێکۆڵەرەکان ئەمەیش پەیڕەویدەکەن، بەمەبەستی راکێشان و هەڕەشەلێکردنی، ئەگەر سەرکەوتوونەبوون لەوەرگرتنی زانیاریی لەزیندانییەکە. لەم حاڵەتەدا لێکۆڵەرە دڵڕەقەکە لەناکاو دێتە ژوورەوەو ئەوە دەردەخات، کە بۆ ئەوە هاتووە کۆتا ئیعتیرافی زیندانییەکەی دەسکەوێت تا بینووسێتەوە،

دەکەوێتەوە جنێودان و هەڕەشەکردن. لەم کاتەدا ئەوەیان کە دەوری پیاوە باشەکە دەبینێت، دێتە ژوورەوەو دەپرسێت: ئیعتیرافینەکردووە؟ خۆیشی وا پیشاندەدات کە لەلێکۆڵەرەوە دڵڕەقەکە دەترسێت و لاوازە بەرامبەر خراپەکارەکە. لێکۆڵەرە خراپەکە بەشێوەیەکی توند وەڵامی لێکۆڵەرە دڵنەرمەکە دەداتەوەو بەسەر ئەویشدا هاواردەکات و دەڵێت: نەخێر ئیعتیرافینەکردووە،ئەمە بەهۆی تۆوەیە کە نایەوێت هاوکاریمان بکات، ئێوە بەڕەحمن بەرامبەری، تۆ کاتمان بەفیڕۆدەدەیت، بڕۆدەرەوە با کاری خۆم ئەنجامبدەم، لێکۆڵەرە چاکەکە وا خۆی دەردەخات، هەست بەشکانەوەو لاوازیی دەکات و دەڕواتە دەرەوە، وەکو ئەوەی کە نەوێرێت تکایلێبکات کە بەشێوازێکی نەرم لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات.. ئاوا ئەمجارەیش بوارەکە چۆڵدەبێتەوە بۆ کەسە خراپەکەو دەرگای رزگاربوون بەڕووی زیندانییەکەدا دادەخرێتەوە.. ئیتر کەسە خراپەکە دادەبەزێتە سەر زیندانییەکە بەجنێوو لێدان

و ئازاردانی بەئارەزووی خۆی، زیندانییەکە لەتاو ئازاری خۆی هاواردەکات، لەو کاتەدا کەسە چاکەکە خۆی دەکات بەژووردا و وا خۆی دەردەخات بەزەییپێداهاتۆتەوەو بۆ ئەوە خۆی کردۆتەوە بەژووردا تا دەستی کابرا بگرێت. ئیتر وا رەفتاردەکات وەکو ئەوەی بییەوێت کەسە خراپەکە هێمنبکاتەوەو زیندانییەکە لەژێر چنگی دەربکات، تا کەسە خراپەکە دەڕواتە دەرەوەو کەسە چاکەکە دەمێنێتەوە، وا خۆی نیشاندەدات کە دەخوازێت یارمەتیبدات و قوتاریبکات لەو بارودۆخە خراپەی کە تێیکەوتووە، بۆیە کورسیی بۆ دادەنێت و خاولییەک داوادەکات تا خوێنی لەشی بسڕن، ئاوو چایەکی بۆ بانگدەکات و هێمنانە لەگەڵیدا دەدوێت..

لەجێی کۆتایی لاساییکردنەوەی شانۆگەرییەکی بێوێنەدا، لێکۆڵەرە چاکەکە بەزیندانییەکە دەڵێت: بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە، ئەم سزادانە بەسە، ئەگەر من لەدەستی ئەم ئەفسەرە رزگارمنەکردیتایە، بەتەئکید دەیکوشتیت، دە چیت لایە،

پێیانبڵێ و خۆت و کەسوکارت قوتارکە. ئەگەر زیندانییەکە نکوڵیکرد، لێکۆڵەرەکە ختوکەی هەستی زیندانییەکە دەدات و بەشێوەیەکی جوان پێیدەڵێت: ئا ئەمەیە پاداشتی چاکەکەی من؟ لەکاتێکدا من دەخوازم رزگارتبکەم، تۆ لەلای ئەو درندەیەو ئەوانی تر خەجاڵەتمدەکەیت.. ئیتر ئاوا لەم یارییەدا بەردەوامدەبێت، فشاری دەروونی و هەڕەشەی ترساندنی، بەگەڕانەوەی کەسە خراپەکە بەکاردەهێنێت، لەم کاتانەدا دەرگاکە بەتوندی دەکرێتەوە، کەسە خراپەکە سەر دێنێتە ژوورەوەو هاواردەکات: دانیپێدانەنا؟ لێکۆڵەرە چاکەکەیش دەڵێت: دانیپێدادەنێت، دانیپێدادەنێت، پێنج خولەکی تر مۆڵەتمانبدە. جێمێکی تر لەفشاری تازە دەستپێدەکات. ئەگەر زیندانییەکە دانیپێدانا، ئەوا لێکۆڵەرە چاکەکە ماسکەکەی لادەبات و رووە دڕندانە ئاساییەکەی خۆی پیشانئەدات و دەردەکەوێت کە هەموویان هاوشێوەی یەکترین.

**هەشتەم- ئازادکردنی دەخەنە مێشکییەوە:**

ئەگەر زیندانییەکە خۆڕاگربوو، ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە لەشێوازەکانی پێشوویاندا سەرکەوتوونەبوون، ئەفسەرەکە بەفێڵێکی تازەوە دێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ زیندانییەکە دادەنیشێت و دەڵێت: با گفتوگۆیەکی راشکاوانە بکەین، بەڕاستی من سەرسامم بەخۆڕاگریت، بەپیاوەتیت، خۆزگە هەموو گەنجێك وەك تۆ بووایە، خۆزگە تۆیان بکردایە بەپێشەنگی خۆیان، بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت، کە لێرە زیرەکیی خۆت و دانپێدانەنانت لەزیندان دەرتناکات، بەپێچەوانەوە لەوانەیە بۆ دەیان ساڵ بتهێڵێتەوە. ئەگەر تۆ خۆیشت ئیعتیرافنەکەیت، لێرە دەتوانن تۆمەتت بۆ درووستبکەن و دادگاییبکرێی لەسەری و بەدرێژایی ژیانت لەزینداندا بمێنیتەوە. من بۆچوونێکم هەیەو دەیخەمە پێشچاوت: تۆ ئازادیت وەریدەگریت، یان رەفزیدەکەیتەوە، زۆرتلێناکرێ، بەڵام بەباشی بیریلێبکەرەوە، ئێمە ئەتوانین سبەی تۆ ئازادبکەین بەرامبەر

بەیەك هەڵوێستت، بەمەرجێک کاربکەیت لەگەڵماندا، ئێمە قوربانیئەدەین لەگەڵ تۆدا بەهەموو شێوەیەك، تۆیش قوربانییەکی بچووکمان لەگەڵ بدە، ئەگەر کەسێکی تێکدەرت بینی، یان شتێکی گوماناوی، ئاگادارمانبکەرەوە، بیر لەم پێشنیازە بکەرەوە.

زیندانییەکە دەستدەکات بەبیرکرنەوە لەئازادبوونی و دەرچوونی لەزیندان، بۆچوونەکان لەسەریدا بەقەرەباڵغی دێن و دەچن و هەر زیاددەبن، ئەگەر هەواڵی رازیبوونی بەئەفسەرەکە دا، ئەفسەرەکە پێیدەڵێت: "باشترین هەڵبژادەت کردووە بۆ رزگاربوونت"، بەڵام خۆم خاوەنی بڕیارنیم و تەنها بابەتەکە دەخەمە پێشچاوی لیژنەیەکی تایبەت، دوای دوو رۆژ وەڵامتدەدەنەوە، ئاوا ئەو ماوەیە لەزیندانییەکە دەگەڕێن، لەو دوو رۆژەدا لەنێوان: خەونبینین، دۆڕاندن، دڵەڕاوکێدا جێیدەهێڵن. دوای ئەو ماوەیە لێکۆڵەرەکە پێیدەڵێت: پیرۆزە، رێکەوتین لەسەری، بەڵام بۆ ئەوەی نییەتی چاکمان لەسەرت هەبێت، ئەبێت دانبنێیت بەشتێکی بچوکدا، شتێکی خراپی بچوك، کە زیانت پێنەگەیەنێت لەهیچ شتێکدا، سبەینێ رێکارەکانی ئازادبوونت دەستپێدەکات، سبەینێ کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆ خۆردەبینیت، نەسیمی ئازادی هەڵدەمژیت.. ئاوا ئەوەی کە دەیەوێت دەیبات و وازیلێدەهێنێت.

یان ئەفسەری لێکۆڵینەوەکە هەمان بیرۆکە بەکاردەهێنێت، بەڵام بەشێوازێکی تر، ئەویش ئەوەیە کە زیندانییەکە وا تێدەگەیەنرێ کە ئازاددەکرێ، بەڵام بەرامبەر بەگۆڕینی بیروبۆچوونەکانی، دەبێت لەمەودوا دژایەتیی دەوڵەت نەکات، بڕیاربدات کە بەدرێژایی ژیانی هیچ چالاکییەکی پێچەوانە ئەنجامنەدات. زیندانییەکە هەست بەخۆشی و رۆیشتنی بۆ خۆشییەکانی ژیان و ماڵ و منداڵی دەکاتەوە.. لەم کاتە دەروونییە گەشاوەیەیدا _ئەگەرچی هێشتا هەر سڵدەکاتەوە_ ئەفسەرەکە هەواڵیپێدەدات کە ئەفسەرێکی دیکە دۆسییەکەی دەگرێتەدەست، پێویستە لەگەڵیدا راستگۆبێت. لەدوای چەند

خولەکێك _کە دیاریکراوە_ لێکۆڵەرە تازەکە دێتە ژوورەوەو دەستدەکات بەپرسیارکردنی تازە دەربارەی: تەندرووستیی، ژیانی تایبەتی، منداڵەکانی، کارەکەی، موچەکەی و لەدوای ئەوە دەڵێت: بڕیاری ئازادکردنتمان داوە. پاشان سەیرێکی کاتژمێرەکە دەکات و دەڵێت: ئەمڕۆ تازە کاتت نەماوە بۆ ئازدبوونت، بەڵام سبەی دەردەچیت. پاشان دەڕواتە دەرەوە. ئاوا واز لەزیندانییەکە دەهێنن، تا لەگەڵ بیرو خەونەکانیدا بێت. ئەفسەرەکە شەو دێتەوە بۆ لای و پێیدەڵێت: چەند بابەتێك هەیە کە تۆ شاردووتەتەوە لێمان، ئەمانە هیچ زیانێکت پێناگەیەنن، ئێستا لەبەرئەوەی فەرمانی ئازادکردنەکەت ئامادەیە، ناردوومانە بۆ ئیدارەی زیندان بۆ ئەوەی بەیانی دەربچیت.. ئینجا بەم فێڵەیش لێکۆڵەرەکە دەیەوێت شتێك لەزیندانییە داماوەکە دەربهێنێت و لەسەری بنووسێت و بیکاتە تۆمەتێکی تر، تا هەر لەزیندانیدا بمێنێتەوە.

**نۆیەم- سوکایەتییپێکردن، زەلیلکردن و برسیکردنی:** لێکۆڵەرەوە زۆرجار شێوازی وا

کاتێک بۆ یەکەمجار خرامە ژووری لێکۆڵینەوە، چاوم بەسێ کەس لەهاوڕێکانم کەوت، کە بەتەواوی رووتکرابوونەوە، یەکەمجار نەمناسینەوە، جەستەیان خوێنی لێدەچۆڕا، قاچەکانیان بەچڵک و کێم و خوێن هەڵئاوسابوون، لەژێر کاریگەریی ئەو دیمەنە ترسناکەدا بووم، لەپێش چاوی مندا کەوتنە زەلەلێدان و سوکایەتیپێکردنیان

بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی ویستی زیندانییەکە بشکێنێت، تا وایلێبکات داڕوخێت و قەناعەت بەوە بکات کە ئیعتیرافکردنەکەی باشترە لەمانەوەی بەو زەلیلییە. لێکۆڵەر بۆ ماوەیەکی زۆر زیندانییەکە لەخواردن و خواردنەوە بێبەشدەکات، تا هەست بەوشکیی گەرووی دەکات، هەست بەبۆنێکی ناخۆش دەکات، کە لەدەمییەوە دێت. زیندانیکراو عادەتەن لەدوای رۆژی دووەمەوە توشی گێژبوون دەبێت، ناتوانێت بخەوێت، ناتوانێت

لەسەر پێیەکانی راوەستێت، هەست بەقورسیی سەری دەکات، هەست بەلاوازبوونی هێزی دەکات، دەبینێت رەنگی زەرد، بەدەنی زەعیف، سکی قوپاو. ماسولکەی خاوبووەوە، ماندووبوون و لەشداهێزرانی زۆربووە.

لێکۆڵەرەکە کە ناڕاستەوخۆ ئاگایلێیەتی، هۆشی لەم حاڵەتەیەتی و موراقەبەیدەکات، دەبینێت ئەو سەربازەی بەرپرسی دابەشکردنی خواردنە، بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێواران ئەم زیندانییە بێبەشدەکات لەخواردن، ئاوا بۆ چەند رۆژێکی لەدواییەك کاتە قورسەکە دەگوزەرێت. هەندێکجار زیندانیکراوی ئەم قۆناغە دەخرێتە زیندانێکی تاکەکەسییەوە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی لەکاربکەوێت، زوو بڕووخێت و ئیعتیرافی وا بکات کە ئەوان دەیانەوێت.

لێکۆڵەرەکە هەوڵدەدات: دەروونی زیندانییەکە تێشکێنێت، زەلیلی لەدڵیدا بڕوێنێت، گومانەکانی بهەژێنێت، بۆچوونەکانی سوکبکات، وای لێبکات هەستبکات کە کەسێکی بێنرخەو هیچ بەهایەکی نەماوە، لێکۆڵەرەکە هەوڵدەدات سوکایەتی بەزیندانییەکە بکات، بەتفلێکردن و تاشینی سەری و دەموچاوی، یان تاشینی هەندێکی و هێشتنەوەی هەندێکی تری، یان داوایلێدەکات هاوشێوەی سەگ بوەڕێت، یان لەسەر چوارپەلی بڕوات، کاتێك زیندانییەکە فەرمانەکە جێبەجێدەکات، ئەو رەفتارانە دەنوێنێت و دەردەکەوێت کە ملکەچبووە، ئیدارەی زیندان خۆشحاڵدەبن کە توانیویانە لەناخیدا خۆی لای خۆی سووکبکەن و رەفتارو رواڵەتیشی وا لێبکەن کە ئەوان دەیانەوێت، مەبەستیان لەمە تێشکاندنی لایەنی دەروونییەتی، تا هەست بەعیززەتی نەفس نەکات، تا بەردەوام بەخەم و خەفەتەوە بهێڵنەوە، جا ئەگەر لەقۆناغێکی ئەم ئەشکەنجەدانەدا شلبوو، دەیگەیەننە قۆناغی تری وا، کە مێشکی دەشۆنەوەو تەسلیم بەو واقیعە دەبێتەوە، کە دەیویست بیگۆڕێت!.



عەبدوڕەحمان عەبدودائیم

# نهێنییەکانی نارازیبوونی ئەمریکا لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم

هەرکەسێک بەدواداچوونی پێشوەختی هەبوو بۆ ئەو ریفراندۆمە شومەی کە بارزانی لە (٢٠١٨/٩/٢٥ز) بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجامیدا، رووبەڕووی پرسیارێك دەبێتەوە، کە ئایا بۆچی بارزانی سووربوو لەسەر ئەنجامدانی ئەو ریفرامدۆمە سەقەتە، سەرەڕای بوونی ئەو هەموو نارەزاییە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە، بەتایبەت ئەمریکا؟ ئایا بارزانی درکی بەوە نەدەکرد کە ریفراندۆم دژی بەرژەوەندیی گەلی کوردە؟ ئایا بارزانی بیری لەوە کردبووەوە، کە ئەگەر هاتوو رەزامەندیی زۆرینەی بەدەستهێنا، تا چ رادەیەك ئەو بەڵێن و پەیمانانەی کە بەمیللەتی کوردی دابوو دەربارەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ، ئەتوانێت جێبەجێیانبکات؟ ئایا بارزانی بەدیلی گونجاوی هەبوو، لەحاڵەتی شکستهێنانی پرۆسەی ریفراندۆم، بەمەبەستی رێگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی



نەهامەتییەکانی گەلی گوردستان و لەدەستنەدانی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر؟

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە؛ پێویستە بڵێین: ئەم ریفراندۆمە حەقیقەتی ئەوەی دەرخست، کە بارزانی پیاوێکی زۆر نەزان و ساویلکەیە لەڕووی سیاسییەوەو بەعەقڵییەتی سەرۆك خێڵێك حوکمڕانیدەکات نەك بەعەقڵییەتی سەرۆك و پێشەوای وڵات.

سیاسەت: بەمانای بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی، هونەرێکە بەخەڵکی خاوەن مەعریفە، ئیمان و ئەخلاق دەکرێ، نەك بەکەسانێك رۆژگار سەلماندی تاکە پیشە کە تێیدا خاوەن بەهرەن، چەواشەکاریی و بەڵێنی درۆیە، جگە لە: دزی، تاڵانی، بازرگانی و مافیاگەرێتی، هیچ پرۆژەو ستراتیژێکیان نییە، هەروەها دەرکەوت کە ئەم بەناو سەرۆکی هەرێمە سادەترین ئاستی هۆشیاریی سیاسی و هیچ راوێژکارێکی سیاسی نییە، چونکە نەیتوانی لەڕووی یاساییەوە پشت ببەستێت بەهیچ بڕگەو ماددەیەك لەدەستووری عێراق، کە شەرعییەت بدات بەئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە، بەو هۆیەوە حکومەتی هەرێم لەڕۆژی سێشەممە (٢٠١٧/١١/١٤) ملکەچی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی باڵای عێراق بوو، کە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە نابێت بەهیچ شێوەیەك هەرێمی کوردستان لەعێراق جیاببێتەوە.

ئەگەر باسی رۆڵی ئەمریکا بکەین لەم مەسەلەیەدا، ئەوا پرسیارێك دێتە ئاراوە: ئایا راستە ئەمریکا لاریی هەبوو لەدابەشکردنی خاکی عێراق و دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی؟ ئایا تورکیا کە

پەیوەندیی بەهێزی هەبوو لەگەڵ بارزانیدا، دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بوو؟ ئایا ئەم: ملکەچبوون، دانپێدانان و رێزگرتنە لە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق، مانای ئیفلاسبوونی سەربەخۆیی کوردستانەو لەگۆڕنانی ئەو خەونە هەتاهەتاییەی گەلی کوردەو پاشگەزبوونەوەیە لێی؟

بەبۆچوونی من؛ ئەمریکا دژی ریفراندۆم نەبوو، بەڵکو دژی ئەنجامدانی بوو لەو کات و ساتە دیاریکراوەدا، ئەمریکایش لەساڵانی داهاتوودا بەجددی کاردەکات بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ، سەرەتا لەعێراقداو پاشان لە: سوریاو تورکیاو ئێراندا، ئەم ملکەچبوونەی حکومەتی هەرێم بۆ بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، سەرەتایەکە بۆ دامەزراندنی گفتوگۆیەکی نیشتیمانی لەچوارچێوەی عێراقدا، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو هەموو کێشەو گرفتانەی کە رێگرن لەبەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەدوارۆژدا، بەشێوەیەکی یاسایی و بەپشتبەستن بەدەستووری عێراق، بۆ کپکردنی هەر دەنگێکی ناوخۆیی، کە ناڕازیبێت لەسەربەخۆیی هەرێم، بەمەبەستی شەرعییەتدان بەو سەربەخۆییە لەبەرامبەر وڵاتانی دەرەوەدا، بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێی وەك؛ تورکیاو ئێران. هەروەها لەم ماوەیەدا کاردەکرێ بۆ ئیحتیواکردنی ئەو دابەشبوون و پەرتەوازییەی نێو ماڵی کورد، بەم شێوەیەیش هەرێمی کوردستان دووردەخرێتەوە لەگۆشەگیریی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی، هەروەها رێگەخۆشکەرئەبێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ. کە بەبۆچوونی من؛ یەکێکە لەئامانجە ستراتیجییەکانی ئەمریکا _وەك لەنامەکەی تیلەرسۆندا بۆ بارزانی؛ پێش دوو رۆژ لەئەنجامدانی ریفراندۆم ئاماژەیپێکراوە_ بەپێی بەرنامە دۆکیومێنتارییەکەی هەفتەی رابردووی کەناڵی جەزیرە بێت، رووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر ئەمریکای لەپشتبووە، لەو

بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەدا بارزانی خۆی ئیعتیرافدەکات و دەڵێت: "چونکە لەسەر بۆچوونی خۆمان سووربووین و بەقسەی ئەمریکامان نەکرد". بۆیە تیلەرسۆن؛ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێیوتووە: پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سنووری ساڵی (٢٠٠٣ز).

لەبەرئەوە راستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەوجیهێکی ئەمریکی، هەڵسا بەگۆڕینی ناوی (ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم لەهەرێمی کوردستان) بۆ (سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان- عێراق) کە ئەرکی گفتوگۆکردنی لەسەر ئەنجامەکانی پاش ریفراندۆم لەگەڵ بەغدادو لایەنە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان گرتەئەستۆ، بەم شێوەیەیش ئەمریکا ژینگەیەکی هەموار دەرەخسێنێت بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتی کوردی بەتەوافوق لەگەڵ حکومەتی عێراق، هەروەها بەدیهێنانی رێگەچارەی یاسایی بۆ دانپێدانان بەم دەوڵەتە ساوایەدا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی جیهان، بۆ

> تورکیا تەنها چاوی لەوەبوو، بەهۆی سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستانەوە، ببێت بەشاخوێنبەری ئابووریی ئەم دەوڵەتە کوردییە ساوایەو زۆربەی نەوتی هەرێمیش لەرێگەی ئەویەوە هەناردەبکرێ

ئەوەی بتوانێت لەهەموو لایەکەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێت و ببێتە پەناگەیەك بۆ هێزە کوردییەکانی وڵاتانی دراوسێ، تا ئەمریکا بەکاریانبهێنێت وەك؛ کارتی فشار دژ بەوڵاتەکانیان، لەژێر ناوی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانی گەورەدا.

لەوەڵامی پرسیاری دووەمدا لەسەر هەڵویستی تورکیا؛ زۆر بەهەڵەدادەچین ئەگەر وابزانین تورکیای ئەردوغان دژ

بەڕیفراندۆم بوو، بەڵکو ئەوەی بەڵگەنەویستە هەر یەك لەمەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی بەڕاشکاوی گفتوگۆیانکردووە لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ حکومەتی تورکیادا، تەنانەت هەر یەك لەئەردۆغان و وەزیری دەرەوەی تورکیا هیچ ڕێگرییەکیان نەخستبووە بەردەم ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، بەڵکو تەنها چاوی تورکیا لەوەبوو، کە ئەم سەربەخۆییەی کوردستان ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی زۆربەی نەوتی هەرێم لەڕێگەی تورکیاوە هەناردەبکرێ و تورکیایش ببێتە خوێنبەری ئابووریی ئەم دەوڵەتە کوردییە ساوایە، بەم شێوەیەیش دەسەڵات و نفوزی ئێران لەهەرێمی کوردستان زۆر سنووردارده‌بێت، چونکە پارتی کە هاوپەیمانێکی دڵسۆزی تورکیایە، خۆی ئەبێتە واریسی شەرعی ئەم دەوڵەتەو لەداهاتوودا دەکرێ جۆرێك لەیەکێتی کۆنفیدراڵی دروستببێت لەنێوان تورکیاو دەوڵەتەکەی بارزانی، پاشان بەکارهێنانی بۆ لێدان و ئیحتیواکردنی خەباتی چەکداریی پەکەکە، لەناوچە سنوورییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا، هەر بۆیە حکومەتی ئەردۆغان ڕێکەوتنێکی ئەنجامدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێم بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ، هەرێمی کوردستانیش بوو بەیەکێك لەو (١٠) وڵاتانەی کە بەهێزترین پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ تورکیا هەیە، ئەمەیش وای لەپەکەکە کردبوو، بەردەوام بانگەشەی ئەوە بکات: ئەو دژی ئەم دەوڵەتە کوردییە دەوەستێتەوە، کە بارزانی بانگەشەی بۆ دەکات، چونکە پرۆژەی تورکیایە.

